# سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە گۆڤاری گوڵان دەکات

**گۆڤاری گوڵان خاوەن سەنگ و متمانەیە و بووەتە پردێک بۆ لێکنزیک کردنەوەی ڕۆشنبیرانی کوردستان و دەرەوە و لە خزمەت کردنی هەستی نیشتمانپەرەوەری و بەها بەرزەکانی گەلەکەمان بە باشی ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێت.**

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان
بەڕێزان سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان

سڵاو و ڕێز..
بەبۆنەی بیست و سێیەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.
بە خۆشحاڵییەوە لە سایەی ئازادیی کاری میدیایی لە کوردستان، ژمارەیەکی زۆر کەناڵی ڕاگەیاندنی نووسراو، بیستراو و دیتراو لە کوردستان هەن کە دەتوانن خزمەتێکی زۆر بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکەن و دەنگی ڕەوای مافەکانمان بگەیەننە دنیا. ئەرکی هەموو ڕاگەیاندنەکانە لەم قۆناخەدا پشت و پەنای گەلەکەیان بن و ڕێگە لەو هەوڵە دوژمنکارییانە بگرن کە دەیانەوێ متمانە و بڕوابەخۆبوونی تاکی کوردستانی لاواز بکەن.
گۆڤاری گوڵان یەکێکە لەو ناوەندە میدیاییانەی لەلای خوێنەرەکانی خاوەن سەنگ و متمانەیە و وەک چۆن بووەتە پردێک بۆ لێکنزیک کردنەوەی ڕۆشنبیرانی کوردستان و دەرەوە و تێڕوانینەکانیان دەگوازێتەوە، بەهەمان شێوەیش لە خزمەت کردنی هەستی نیشتمانپەرەوەری و بەها بەرزەکانی گەلەکەمان بە باشی ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێت.
دەستخۆشیتان لێ دەکەم و هیوادارم ساڵی نوێی تەمەنی گۆڤارەکەتان، ساڵی بەردەوامی و پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر بێت.

مسعود بارزانی
٢٠١٧/٤/٢٠





# پەیامی فازڵ میرانی

**سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

## گوڵان چووەتە قۆناغێکی نوێوەو بووەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ زانیاری و بڵاوکردنەوەی ڕای جیاواز و بەرزڕاگرتنی پرەنسیپ و ئەخلاقییەتی ڕۆژنامەنووسی

بۆ/ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
بەڕێزان: نووسەرو ستافی گۆڤاری گوڵان
بە بۆنەی ٢٣ ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.
هیوادارم گوڵان چۆن ڕۆڵی لە ڕێڕەوی ڕۆژنامەنووسیی ئازادی کوردیدا دیارو بەرچاو بوو، هیوادارین لە دەستپێکی ساڵی نوێدا سەرەڕای ئەم قەیرانە ئابوورییە خەمخۆری تەواوکردنی پەیامە پیرۆزەکەی بێت.
گوڵان گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوەو سەنگێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا کردووەو چووەتە قۆناغێکی نوێوەو بووەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ زانیاری و بڵاوکردنەوەی ڕای جیاوازو بەرزڕاگرتنی پرەنسیپ و ئەخلاقییەتی ڕۆژنامەنووسی و هەروەها کەسانی بەئەزموون و بیانی بۆی دەنووسن و دەوڵەمەندە لە لێکۆڵینەوەو دیمانەو ڕاپۆرتی شیکاری.
هیوادارین هەر بەو شێوەیە لە پێشکەوتن و خزمەتکردنی پرۆژەی نەتەوەیی بەردەوام بن.
براتان
فازڵ میرانی



پەیامی پیرۆزبایی موحسین دزەیی بۆ ساڵیادی گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان بە زمانی سەنگین دیالۆگ دەکات و خۆیشی نەخستۆتە ئەو ئاستەی وەڵامی زمانی زبر و قسەی ناشیرین بداتەوە

بۆ بەڕێزان سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارمەندانی گۆڤاری گوڵانی ئازیز

پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و داوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم و پیرۆزبایی لەخۆمان و خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری گوڵان دەکەم بە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست و سێ ساڵ لە دەرچوونی. بیست و سێ ساڵ پێش ئێستا یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارەم بەدەست گەیشت. بەشانازییەوە دەڵێم هەموو ژمارەکانیم پێگەیشتووەو هەر هەمووم کۆکردۆتەوە، جگە لەماوەیەکی کەم نەبێت لەساڵی ١٩٩٦کە لەبەر نەخۆشی لەدەرەوەی وڵات لە نەخۆشخانە نەشتەرگەریم بۆ کرا.

جێگای شانازییە کە ئەم گۆڤارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ژمارە دوای ژمارە بەرەوپێش چووە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی ئێستا کە بە یەکێک لەگۆڤارە هەرە باشەکان دەژمێردرێ.

گۆڤاری گوڵان وەکو قوتابخانەیەک حیساب دەکرێ و هەموو بابەتێکی لەخۆ گرتووە، وەکو ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی و وەرزش و هونەر و تەکنەلۆژیای تازە و .. هتد، هەروەها گرنگییەکی تایبەت و زۆری داوە بە پێشمەرگە کە جێگای شانازیی هەموومانە و بە ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵگەمانە.

گوڵان دۆزی ڕەوای کوردی لە هەموو ڕوویێکەوە بەباشی ڕوونکردۆتەوە، بۆ ئەوەش تەنیا بە رەئی سیاسەتمەدارانی کورد نەوەستاوە، بەتایبەتی لەساڵانی دوایی بەڵکو لەهەر ژمارەیەک چەند کەسی بیانی لە نووسەر و توێژەران و کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان زۆر بە تێروتەسەلی بەشدارییان لەو مەسەلەیە کردووە.

گوڵان گەیشتۆتە ئاستێک کە لە کوردستاندا تا ئێستا گۆڤاری وام نەدیوە کە دانەبەزێ بۆ ئاستی بانگەشە بۆ توندوتیژی، یان قسەی ناشیرین و دوور لە نەریتی کوردایەتی، یان وەڵامی ئەم جۆرە قسانە بداتەوە، بۆیە کەس ناتوانێت تانەی لێبدات و بۆتە جێگای ڕێزی هەموولایێک.

دووبارە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە بەڕێزان سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارمەندانی بەڕێزی گوڵان دەکەم و داوای سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بۆ دەکەم.

براتان

موحسین دزەیی

## پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی (٢٣)یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:

# گۆڤاری گوڵان دەستکەوتێکی دیکەی بزاڤی رزگاریخوازیمانە، هەروەها ئەزموونێکی دیارو تازەی کاروانی سەرفرازیی رۆژنامەگەریی کوردییە

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و ئەندامانی ستافی نووسین وهونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)

بە بۆنەی (٢٣)ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەین، پیرۆزبایی لە نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارەکەتان دەکەین، دەستی هەوڵ و کۆششتان دەگوشین، ئومێدەوارین هەردەم بەردەوام و سەرکەوتوو بن لە کارو چالاکی و پێشخستنی گۆڤارەکەتان.

گۆڤاری (گوڵان) بەگوێرەی ئەو کارو بەرنامەی دایڕشتووەو بەو بەرهەم و بەخششەی لەو بوارەدا پێشکەشی کردووە، خزمەتێکی بەرچاو و کاریگەری بە رەوتی رۆژنامەگەریی کوردی و کولتووری نەتەوەیی گەیاندووە، هەر بۆیە جێپەنجەی بەسەر کاروانی رۆژنامەوانی و رۆشنبیریدا دیارو گرنگە و بەمەش (گوڵان) بۆتە خاوەن پێگەی شایستەو نەگۆڕی خۆی لە بواری رۆژنامەوانیدا.

گۆڤاری (گوڵان) دەستکەوتێکی دیکەی بزاڤی رزگاریخوازیمانە، هەروەها ئەزموونێکی دیارو تازەی کاروانی سەرفرازی رۆژنامەگەریی کوردییە، بەمەش سەلماندوویەتی، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەو بوارەدا، لە رێگەی پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی رێکوپێک و زانستی و ئەکادیمیانەی ئەوتۆ، کە وەک نێوەندێکی هزری–رووناکبیریی توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری نووسەران و توێژەرو بیرمەندانی ناسراوی عەرەبی و جیهانی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

گوڵان بە شێوەیەکی پیشەوەرانە و بە گیانی دیالۆگ و رەخنەگرانەوە بۆ خزمەتگەیاندن بە پرسە گرنگەکان دەستی پێکرد، بۆیەش زەوینەیەکەی راست و دروستی بۆ رۆشنبیران و نووسەران رەخساند بە مەبەستی خستنەڕووی کەموکوڕییەکان و خزمەتکردنی لایەنە ئیجابییەکان و رەوشی سیاسی و پاراستنی دەستکەوتەکانمان.

گۆڤاری (گوڵان) قۆناغێکی تازەی هێنایە کایەوە، هەروەها نموونەیەکی زیندووی کاری پرۆفیشناڵییانەش لەرووی رۆژنامەوانییەوە، بەو سیستەم و کارنامە رێکوپێکەی لە بواری رۆژنامەوانیدا و بەردەوام بوونی لە برەودان بە کولتووری رۆشنبیریی و هزریدا هەر لە دەستپێکی کارکردنیەوە تاکو ئەمڕۆ، لێشمان مسۆگەرە هەر بەردەوام دەبێت و لەئایندەشدا هەنگاوی چاکتر لەرووی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە دەنێت.

بەو بۆنەیەوە وێڕای پاڵپشتی و پشتیوانی پارتیمان بۆ سەرخستن و زیاتر پێشخستنی گۆڤارەکە، جەختیش دەکەینەوە سەر کاریگەری کارو ئەرکی رۆژنامەوانیی و رۆشنبیریی سەبارەت بە زیاتر هەوڵ و کۆششتان شانبەشانی گوتارو پرۆژەی نەتەوەیی سیاسی لە ئەمرۆماندا بۆ ئەوەی بەڕاستی نموونەیەکی جیا و پێشەنگ بێ بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان.

جارێکی دیکە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە ئێوەو خوێنەرانتان و خۆمان دەکەین.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٧/٤/٢١

## پیرۆزبایی دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵیادی گۆڤاری (گوڵان):

# گوڵان ئەمڕۆ سەکۆیەکی دیارو بەرچاوی نێو رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیمانە

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و سەرجەم ئەندامانی ستافی نووسین و هونەرکاران لە گۆڤاری (گوڵان)

بە بۆنەی (٢٣)یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، پیرۆزبایی گەرم لە ئێوەو خوێنەرانتان دەکەین، سوپاس و پێزانین و دەستخۆشیمان بۆ هەوڵ و کۆششی بێ وچانتان لە پێناو پێشخستن و سەرخستنی گۆڤارەکەتان، هەر لە پێشکەوتندا بن.
(گوڵان) لەو ماوەی کارکردنیدا بە پیادەکردنی بەرنامەیەکی رێکوپێک و پیشەوەرانە خزمەتێکی زۆرو جیای بواری رۆژنامەگەریی کوردی کردووە، بەمەش پێگەی شیاو و شایستەی خۆی لەسەر پانتایی کاری رۆژنامەوانیدا گرتووە، هەروەها (گوڵان) سەنگەرێکی دیکەی داکۆکیکارە لە کێشەکەمان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانمان نەخاسمە لەو هەلومەرجەی ئەمڕۆماندا، کە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە دڵسۆزانە داکۆکی لێ بکەن.
بەخشش و بەرهەمی چەندین ساڵەی گۆڤارەکەتان باشترین گەواهیدەری راست و دروستی پەیامی راستگۆیانەی ئێوەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیی و رۆشنبیریمان، بەمەش (گوڵان) ئەمڕۆ سەکۆیەکی دیارو بەرچاوی نێو رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیمانە.
بەو بۆنەیەوە جارێکی دیکە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەردەوامبوون و بەرەوپێشبردنی گۆڤارەکەتان دووپات دەکەینەوەو ئومێدەوارین لە ساڵی داهاتوودا بە هەمان گیانی بەرپرسانەوە زیاتر برەو بە کاروچالاکییەکانتان بدەن.
دووبارە دەستخۆشی و پیرۆزبابییتان لێ دەکەین..

دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

### پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان:

## گوڵان رۆڵێکی سەرەکی و سەرکەوتوو دەگێڕێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەژیانی گەلەکەمان




بەڕێزان سەرنووسەر و دەستەی نووسین و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان
بەبۆنەی «٢٣»یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە ئەرکە پیرۆزەکەتان، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و گەیاندنی پەیامی گەلی کوردستان و خزمەتکردنی رۆژنامەگەریی کوردی.
گوڵان، وەکو گۆڤارێکی خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، بە ناوەندێکی سیاسی و رۆشنبیری و ئەکادیمی دەناسرێت و رۆڵێکی سەرەکی و سەرکەوتووی هەبووە و دەگێڕێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و گیانی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەژیان و لەم پێناوەدا سەرنووسەر و ستافی نووسین و کارکردن لەم گۆڤارەدا دڵسۆزیی خۆیان دووپاتکردووەتەوە.
ئۆمێدەوارین، گۆڤاری گوڵان لە پێشکەوتن و سەرکەوتن و کاری پیشەیی خۆی بەردەوام بێت و هەمیشە لە ئاست ئاوات و بەرژەوەندە باڵاکانی گەلی کوردستاندا بێت.

دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

### یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان:

## پیرۆز بێت ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان

به بۆنەی بیست و سێ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان
پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرنووسەر و سەرجەم ستافی بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە دەکەین.



گۆڤاری گوڵان هەموو کات پیشەییانە مامەڵەی لە گەڵ کاری راگەیاندندا کردووە و بابەتییانە لە هەموو پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە دواوە و شرۆڤە و بەدواداچوونی بۆ کردووە و بۆتە یەکێک لە گۆڤارە هەرە سەرکەوتووەکان لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها وەک ئەرکێکی نیشتمانی هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی هزری نەتەوەیی و کوردپەروەرانەی هەبووە لە نێو جەماوەردا و بابەتی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی پرسی ئافرەت بەشێکی گرنگی لە گۆڤاری گوڵان بۆ تەرخان کراوە کە گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە. لێرەوە جارێکی تر وێڕای پیرۆزبایی لە ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان و ستافە ماندوونەناسەکەی هیوای سەرکەوتن و بەردەوامبوونیان لەو ئەرکە پیرۆزە بۆ دەخوازین لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ میدیا رۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە خزمەتکردن بە بەرەوپێشبردنی هزری کۆمەڵگە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٢٠١٧/٤/٢٠

## پەیامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان



بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
بەڕێزان بەڕێوەبەری نووسین و تەواوی ستافی گۆڤاری گوڵان
بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستەدەکەین بە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست و سێ ساڵ بە سەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵان. بێگومان گۆڤاری گولان یەکێکە لەو گۆڤارە سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە دەگمەنانەی کە خزمەتی یەکجار زۆری بە دۆزی رەوای گەلەکەمان و تەواوی خوێنەرانی کردووە. لەم یادەدا وێرای پیرۆزبایی گەرممان لە سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست ئومێدی سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین .

پارتی دیموکراتی کوردستان
ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر

---

برای بەڕێز مامۆستا فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
بە بۆنەی ٢٣یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، بە دڵخۆشییەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و دەستەی نووسەران و کارمەندانی بەڕێزی گوڤاری گوڵان دەکەم. هیوادارم هەر سەرکەوتوو بن و بەردەوام بن لە خزمەتکردنی میدیای کوردی و گەشەپێدانی رۆشنبیریی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی کوردایەتی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستانی عێراق بەتایبەتی و میللەتی کورد بەگشتی.

لەگەڵ رێزمدا
سەلاح بەدرەدین

---

## پیرۆزبایی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەبۆنەی (٢٣)یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)



بەبۆنەی بیست و سێیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ جەنابتان دەخوازم. گۆڤاری گوڵان تاکە گۆڤارە لە کوردستان بە بەردەوامی خزمەتی خەڵکی رۆشنبیری کوردستان دەکات لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زۆر بواری تر بە شێوازیکی زۆر ئەکادیمی و زانستی، کە ئێستا زۆر ئاستەمە گۆڤارێک لە کوردستان بەم شێوە ببینی. هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان، من قەناعەتم وایە گۆڤارەکەتان بەردەوام لە پێشکەوتندایە، هەر ساڵێک لە تەمەنی گۆڕانکاریی زۆر باش و پۆزەتیڤ دەبینم.

د.عرفات کرم ستونی
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢١-٤-٢٠١٧

# پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و وەرچەرخان لە دەوڵەتی دیفاکتۆوەوە بۆ دەوڵەتی خاوەن سەرووەریی

هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم کەوتوونەتە قۆناخی هەنگاوهەڵگرتنی کرداری و زەمینەدروستکردن بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

لەسەر ئەم پرسە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتوونەتە دیدێکی هاوبەش و پێکەوە سەردانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانمان کردووە، هەموویان بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان پێشوازییان کردووین و جۆرێك لە کۆدەنگی لەسەر پرسی ریفراندۆم هاتۆتەئاراوە، بۆ قسەکردنیش لەگەڵ بەغدا شاندنی هاوبەشی سەرۆکایەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی سەردانی بەغدایان کردووەو راشکاوانە لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی شیعە باسی پرسی ریفراندۆمیان کردووە، ئەوان بیروبۆچونیان سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان هەرچۆنێك بێت، بۆ ئەم پرۆسەیە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە راشکاوانە لەگەڵ بەغدا باس لە پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لەگەڵ بکەین و مەبەستمانە بگەینە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە دیالۆگ و ئاشتییانە لەگەڵیان یەکلایی بکەینەوە.

بێگومان دەستپێکی قسەکردن لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان، لەو سەردانەی



## نووسینی: مەحمود محەمەد

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێدەکات کە سەردانی بەغدای کردو راشکاوانە لەگەڵ حکومەتی بەغدا باسی ئەوەی کرد، پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بەو میکانیزمەی ئێستا بەڕێوەناچێت و دەبێت بەدوای میکانیزمێکی دیکەدا بگەڕێن، بۆیە ئەگەر نەمانتوانیبێت لە هاوبەشی و پێکەوەژیاندا سەرکەوتوو بین، دەبێت هەوڵبدەین دوو دراوسێی باشی یەکتری بین. دوای ئەمەش کە سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندێکی حزبە کوردستانییەکان سەردانی بەغدای کرد، لەگەڵ حکومەتی بەغدا و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە و لەگەڵ سەرۆکی ئەو هاوپەیمانییە زۆر بە راشکاوی باسی ئەوەی کردووە کە کوردستان دەیەوێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە و بەرێگەی دیالۆگ بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرێت و پرەنسیپی دوو دراوسێی باش لە نێوان کوردستان و عێراق دابڕێژین.

ئەم دوو سەردانە وەرچەرخانێکی گەورەی لە وتووێژی نێوان هەولێر و بەغدا دروستکردووەو قۆناخێکی تازە دەستی پێکردووەو لایەنی کوردستانی بە ئاشکرا لەگەڵ بەغدا باسی ئەوە دەکات ئەو شەراکەتی راستەقینەی بۆ پێکەوەژیانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق باسی لێوە

**ئێستا کوردستانی باشوور بە دیفاکتۆ دەوڵەتە و ئەم دیفاکتۆیە قبووڵ کراوە و کوردستان بەشدار دەبێت لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و سەرۆکی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستانی باشوور وەک سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لێدەکرێت**

**چۆن ئێستا لەگەڵ تورکیا و ئێران پەیوەندییەکی زۆر باشی ئابووری و بازرگانی و سیاسیمان هەیە، بەهەمان شێوە دەخوازین لەگەڵ عێراقیش وەک دەوڵەتێکی دراوسێ لەوانیش زیاتر پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی و سیاسیمان هەبێت**

دەکرا، شکستی هێناوەو ئیدی بێجگە لە بڕیاری گەلی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەماوە و ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە زەمینە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بەشێوەی کردەیی دەستی پێبکرێت و هەموومان پێکەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە چارەنووسسازە شانی بدەینەبەر.

ڕێگەی سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم بۆ هیچ نەتەوەیەك گوڵڕێژ نەکراوە، هەروەها سەربەخۆیی بۆ هیچ نەتەوەیەك لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش نەکراوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش باش دەزانین بۆ کوردستانیش ئەم ڕێگەیە ئاستەنگ و تەحەددی دێتە بەردەم و دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بەعێراقیشەوە، هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی گرفت و ئاستەنگی بۆ دروست بکەن و شکست بە پرۆسەکە بهێنن، هەر بۆیە سەرکردایەتی سیاسی و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە دەست پێکردووە کە زۆر بە وردی باردۆخەکە بخوێننەوە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی راستە گرفت و تەحەددی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەڵام بەدرێژایی مێژوو زەمینەی لەبار بە هاوشێوەی ئێستا بۆ کوردستان هەڵنەکەوتووە و بۆیە دەبێت ئەم هەلە لە دەست نەدەین.

لێرەوە ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا باردۆخی ئێستا بخوێنینەوە، ئەوا لەسەر ئاستی تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بە نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانیشەوە، تەنیا بزووتنەوەی گۆڕان و بەرەی تورکمانی هەتا ئێستا خۆیان لەم ئیجماعە نیشتمانییە بردۆتەدەرەوەو، تەنانەت ئەوانیش بە ڕاشکاوی ناڵێن ئێمە لەگەڵ پرۆسەی ریفراندۆم نین، بەڵکو بیانووی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە دەبێت بە مەرجی خۆیان پەرلەمان کارابکرێتەوە و بەرەی تورکمانیش دەیەوێت بە جیا لە پارت و لایەنە تورکمانەکانی دیکە کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

لەسەر ئاستی حزبە کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکەش، بەداخەوە پەکەکە زۆر بە ئاشکرا و بەوەکالەتی دەوڵەتانی دراوسێ زۆر بەسەختی هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان شکست بهێنێت، ئەمەشی نەشاردۆتەوە و لە لێدوان و قسەکانی بەرپرسانی پەکەکە بە ئاشکرا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەر چووە و ناهێڵن تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران دابەشبکرێت، ئێمە دڵنیاین دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان لەم باردۆخەی ئێستا خۆیان ناتوانن ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکەن و ئەم کارە بە پەکەکە دەکەن.

لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق، ئاشکرایە ئێستا دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەت کێشەی هێجگار گەورەو مەحاڵی هەیە و تەنانەت زۆر کەس دەڵێت عێراق گەیشتۆتە حاڵەتێکی شکستخواردووی ئەوتۆ کە ناکرێت پێی بگوترێت دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، لەمەش زیاتر دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دەبێت سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسیی عێراق لە نێوان شیعە و سوننە و کوردستان ڕێکبخرێتەوە و میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی تازەدا یەکبخرێتەوە، ئێمەش وەك لایەنی کوردستانی دەزانین کە تاقیکردنەوەی ئەزموونی دابەشکردنی دەسەڵات و هاوبەشیی ڕاستەقینە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا شکستی هێناوە و ناکرێت جارێکی دیکە ئەزموونێکی شکستخواردوو دووبارە بکرێتەوە، بۆیە باشترین میکانیزم و بەدیل بۆ شێوازی ئایندەی پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق ئەوەیە کە گەلی کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدات و پاشان لە بەر ڕۆشنایی ئاکامی ریفراندۆم درێژە بە وتوویژەکانمان دەدەین، ئەو شاندەی پێکهێنراوە بۆ ئەم مەبەستە لەسەر وتوویژو دانوستاندن لە ئێستا بەردەوامن.

لایەنێکی دیکە کە بۆ ئێستای کوردستانی باشوور زۆر گرنگە ئەوەیە کەلەسەر ئەم پرسە لەگەڵ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵ و نوێنەرانی دەوڵەتان لە کوردستان قسەمان کردووەو کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کراوە، هەروەها سەرۆك بارزانی لەمیانەی ئەو شاندانانەی سەردانی کوردستان دەکەن، هەروەها ئەو سەردانانەشی کە خۆی ئەنجامی دەدات، لەگەڵ سەرۆك و پادشا و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەوڵەتانی دۆست و هاوپەیمان لە ناوچەکە و جیهان باسی کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە گەلی کوردستان وەك تەواوی گەلانی جیهان ئەو مافەی هەیە کە خۆی بریار لە چارەنووسی خۆی بدات، لە ئاکامی ئەم دیدار و کۆبوونەوانەش ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، نوێنەری هیچ وڵاتێك ڕاستەوخۆ دژایەتی ئەم هەنگاوەی نەکردووە، بەڵام هەوڵیانداوە

لەسەر وردەکاریی پرۆسەکە پرسیار بکەن.

سەبارەت بە پرۆسەی ریفراندۆمیش کە زۆر جاران گوێبیستی ئەوە دەبین و ئەو پرسیارە دەکرێت، ئایا راستەوخۆ ئاکامی ریفراندۆم دەبێتە بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی باشوور؟ دیارە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پرسیارێکی دیکەو لەخۆمان بپرسین: ئایا ئەو میکانیزم و نەخشەڕێگەیەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەیگرێتەبەر چۆنە و بە چ ڕێگەیەك دەستی پێدەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەمەوە:

١- لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ـەوە حکومەتی عێراق بەبڕیارێکی کەسی لەلایەن نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقەوە، بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیوە، هەر هەمان ساڵ دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش موسڵیان داگیرکردو سوپای عێراق لەبەریەك هەڵوەشا، هێزەکانی سوپای عێراق لەبەشێکی کوردستان کشاوەتەوە و هێزی پێشمەرگە دەیپارێزێت، پاشانیش کە تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستاوە کە چەك و مووچە بۆ پێشمەرگە دابین بکات، بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش پێبکات، لەگەڵ دروستبوونی کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی-یش لەگەڵ ئەوەی بە گوشاری ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانیی شیعە ڕێککەوت بۆ ئەوەی بەشداری حکومەت بکات، بەڵام د.عەبادی-یش بە ڕێککەوتنەکەوە پابەند نەبوو، بۆیە عێراق لەسەر ئاستی ئابووری و سەربازی و سیاسی خۆی ئارەزوومەندانە لەکوردستان کشاوەتەوەو کوردستان ئەوە ماوەی سێ ساڵە وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیعی خاوەن سەروەریی خۆی هەموو کاروبارە دەوڵەتییەکانی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە پیادە دەکات، بۆیە کوردستانی باشور وەك دەوڵەتی دیفاکتۆ بوونی هەیە و لەسەر ئاستی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکە و عەرەبی و ئیسلامی و جیهان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە مەبەست لە پرۆسەی سەربەخۆیی کە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیالۆگ لەگەڵ بەغدا دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەیە دەوڵەتی کوردستانی باشوور لە دەوڵەتێکی دیفاکتۆوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دانپێدانراوی خاوەن سەروەریی لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بۆیە کاتێك دەچینە ناو ئەم پرۆسەی وەرچەرخانەوە، ئەوا ڕای گەلی کوردستان و ڕێککەوتنی نێوان کوردستان و عێراق دەبێتە ئەو دیکۆمێنتەی کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیالۆگی لەسەر دەکەین.

٢- سەرۆك بارزانی کە لە ئایاری ٢٠١٥ بەسەرۆکایەتی شاندێکی هاوبەشی حکومەت چووە کۆشکی سپی و پرسی سەربەخۆیی ڕاشکاوانە لەگەڵ باراك ئۆباماى سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باسکردووە، ئەوە یەکەمین جار بووە لە مێژوودا کە ئەمریکا دژی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان نەبێت، بۆیە سەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری باسیان لە میکانیزم و نەخشەڕێگەی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە کردووە، هەر بۆیەشە کە سەرۆك و شاندەکە گەڕانەوە کوردستان، سەرۆك بارزانی لەگەڵ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور کۆبووەوە و ئاکامی سەردانەکەی پێڕاگەیاندن و داوای کرد ژوورێکی عەمەلیات دروست بکرێت بۆ ئەو پرسە و هەموو پێکەوە هەنگاو هەڵبگرن و زەمینەی دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ بەغدا دەست پێبکرێت و زەمینە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان ئامادەبکرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە نەخشەی ڕێگە بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، لەسەر بنەمای دیالۆگ و بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا دارێژراوە بۆ ئەوەی جیهانیش ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت.

٣- لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانی شیعە و لە ژێر گوشاری دەوڵەتانی دراوسێدا، هێشتا وەك پێویست لە بایەخ و گرنگیی ئەم پرۆسەیە تێناگەن، بەڵام پاش ئەوەی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ تەواو دەبێت و پرۆسەی سیاسی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق لەلایەك و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا بەسەرپەرشتی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەست پێدەکات، ئەوکات تێدەگەن نەخشەڕێگەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی عێراقی عەرەبی لە نێوان شیعەو سوننەدا، خۆ ئەگەر نەتوانن میکانزمێك بدۆزنەوە بۆ ڕێکخستنەوەی

**مەبەست لە پرۆسەی سەربەخۆیی کە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیالۆگ لەگەڵ بەغدا دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەیە دەوڵەتی کوردستانی باشوور لە دەوڵەتێکی دیفاکتۆوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دانپێدانراوی خاوەن سەروەریی لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بۆیە کاتێک دەچینە ناو ئەم پرۆسەی وەرچەرخانەوە، ئەوا ڕای گەلی کوردستان و ڕێککەوتنی نێوان کوردستان و عێراق دەبێتە ئەو دیکۆمێنتەی کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیالۆگی لەسەر دەکەین**

**کە تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستاوە کە چەک و مووچە بۆ پێشمەرگە دابین بکات، بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش پێبکات**



**سەرۆک بارزانی لەمیانەی ئەو شاندانەی سەردانی کوردستان دەکەن، هەروەها ئەو سەردانانەشی کە خۆی ئەنجامی دەدات، لەگەڵ سەرۆک و پادشا و سەرۆک وەزیران و وەزیرانی دەوڵەتانی دۆست و هاوپەیمان لە ناوچەکە و جیهان باسی کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە گەلی کوردستان وەک تەواوی گەلانی جیهان ئەو مافەی هەیە کە خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات**

پەیوەندیی نێوان سوننە و شیعە و سەقامگیری و ئاشتی دروست نەبێت، لەوانەیە شیعە و سوننەش بەشێوەیەك لە شێوەكان لەیەكتری جیابكەنەوە، لێرەدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، كاتێك شەڕێكی گەورەی جیهانی وەك شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە رووی سەربازییەوە تەواو دەبێت، هاوپەیمانان دەبنە بەشێك لە چۆنیەتی بەدیهێنانی ئاشتی و بردنەوەی شەڕەكە لەسەر ئاستی سیاسیش، بۆیە هەر رێگەیەك ببێتە هۆكاری بەدیهێنیانی ئاشتی و سەقامگیری لە نێوان كوردستان و عێراق لەلایەك و عەرەبی شیعە و سوننە لەلایەكی دیكە ئەو رێگەیە دەگرنەبەر و مێژووی كۆتایی شەڕەكانی كۆن و نوێ ئەوەمان پێدەڵێت، لەشەڕە جیهانییە گەورەكاندا، تەنیا رێگە بۆ كۆتاییهێنان بەشەڕ و چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری، دەستكاریكردنی جوگرافیا و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ بووە، بۆیە لەئێستا كە كوردستان و عێراق بە كردەیی و دیفاكتۆ لەیەكتری جیابوونەتەوە، ئەو ئیرادەیە لای هەردوولامان دروست بووە كە رێككەوتنی سەربازی بكەین دژی دوژمنێكی هاوبەش كە داعشە، بەڵام ئەگەر ئەم جیابوونەوە دیفاكتۆیە ئەم زەمینەیەی دروست نەكردایە، دەبوو هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەبری ئەوەی پێكەوە لەیەك سەنگەردا شەڕی دوژمنێكی هاوبەش بكەن، ئێستا دەبوو دژی یەكتری شەڕ بكەن، كە ئەمەش یەكەمجارە لە مێژووی دروستبوونی عێراقەوە ئەم هاوكارییە سەربازییە لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست ببێت.

٤- ئێمە كاتێك لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی راشكاوانە لەگەڵ بەغدا وتووێژ دەكەین، مەبەستمان ئەوە نییە تەواو ئیدی هیچ پەیوەندییەكمان لەگەڵ بەغدا نەمێنێت، بەپێچەوانە ئەگەر كوردستان و عێراق بە شێوەیەكی ئاشتییانە لەسەر ئەم پرسە رێكبكەوین، ئەوا ئومێدی ئێمە ئەوەیە كە لەگەڵ عێراق و تەواوی دەوڵەتانی دیكەی دراوسێمان لە ناوچەكەكە دراوسێی باشی یەكتری بین، ئێمە رێز لە ئیرادەی گەلانی ئەوان دەگرین، بۆ ئەوەی ئەوانیش رێز لە ئیرادەی گەلی ئێمە بگرن، پاشانیش چۆن ئێستا لەگەڵ توركیا و ئێران پەیوەندییەكی زۆر باشی ئابووری و بازرگانی و سیاسیمان هەیە، بەهەمان شێوە دەخوازین لەگەڵ عێراقیش وەك دەوڵەتێكی دراوسێ لەوانیش زیاتر پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی و سیاسیمان هەبێت.

٥- لایەنێكی دیكە ئەوەیە، ئێمە لەگەڵ



عێراقدا هەتا ئێستاش کێشەی خاك لە نێوانماندا هەیە، پێشتر لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی ٢٠١٥ کێشەی خاك لەنێوان کوردستان عێراق لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور رێگەچارەی بۆ دەستنیشان کرابوو، بەڵام ئێستا بەشی زۆری ئەو ناوچانە بە قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادکراون و دەپارێزرێن، بەڵام بەشێکیشی ماوە و پێویستی بەوەیە رێککەوتنی لەسەر بکەین، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە ئەنجامدانی دیالۆگ و دانوستاندن هەیە.

لە دوماهی ئەم نووسینەدا، دەمەوێت راشکاوانە ئەوە بڵێم، کە ئێستا کوردستانی باشوور بە دیفاکتۆ دەوڵەتە و ئەم دیفاکتۆیە قبووڵ کراوە و کوردستان بەشدار دەبێت لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و سەرۆکی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستانی باشوور وەك سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لێدەکرێت و بە دانانی ئاڵای کوردستان پێشوازی لێدەکرێت، بۆیە گرنگە ئەو دەستکەوتانەی بە خوێنی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستهاتوون و کوردستانی باشووریان کردۆتە دەوڵەتی دیفاکتۆی رێزلێگیراو لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکەم سەیری نەکەین و خۆشمان واقیعی ئێستامان وەك نەتەوەیەك سەیر بکەین کە خاوەنی دەوڵەتی دیفاکتۆی خۆیەتی و پرۆسەی سەربەخۆیی بەوجۆرە بخوێنینەوە کە پرۆسەیەکە بۆ وەرچەرخان لە دەوڵەتی دیفاکتۆوە بۆ دەوڵەتی خاوەن سەروەریی، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە ئەنجامدانی ریفراندۆمە، چونکە لە ئێستادا دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان و عەرەبی و ئیسلامی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ئامادەباشییان پیشانداوە کە رێز لە ئەمری واقیعی کوردستان بگرن، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ ئەوەی رێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن، بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی دەست بەم پرۆسە نیشتمانی و نەتەوەییە پیرۆزە بکات و ئەسپی خۆی تاو بدات لەبەر رۆشنایی ئیرادەی گەلی کوردستاندا دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ عێراق و تەواوی دەوڵەتانی جیهان دەست پێبکات، بۆ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە دروست بکەین کە لە ئێستا دەوڵەتی کوردستانی باشوور دوای پشتیوانی خوا، بێجگە لەم وەرچەرخان قۆناخی دیکەی لەبەر دەمدا نەماوە.

**پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتوونەتە دیدێکی هاوبەش و پێکەوە سەردانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانمان کردووە، هەموویان بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان پێشوازییان کردووین و جۆرێك لە کۆدەنگی لەسەر پرسی ریفراندۆم هاتۆتەئاراوە**

# هاوکاریکردن، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تێکشکاندنی داعش

> **خاڵی بەهێزی پشتیوانی داعش بریتییە لەو پشتیوانییەی کە لە دانیشتووانە مەحەلییەکەی ناوچەکەوە بەدەستی دەهێنێت. لاوازکردنی ئەم پشتیوانییە پێویستی بە سازشکردنە بۆ دانیشتووانی سوننە لەلایەن حکومەتی عێراق و رژێمی سوریاوە**

سەرەڕای بوونی ئەو گوتارەی —کە پاڵنەری سیاسی لە پشتە- و پشتیوانی لە فەزیلەتی گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکیی تاکلایەنە دەکات، بەڵام هاوکاریکردن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بە شێوە و شێوازە جیاوازەکانیەوە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. رەنگە دەوڵەتی ئیسلامی ( کە بە داعش ناسراوە) باری خوار بێت لە عێراق و سوریادا، بەڵام گروپە گرێدراوەکانی و گروپە تیرۆریستییەکانی دیکەی وەك ئەلقاعیدە وەك هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دەمێننەوە. لەبەر ئەوەی ئەم گروپانە چەندین وڵات و کۆمەڵگە و سنووریان گرتۆتەوە، ئەوا هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنیان کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەبووە.


لە راپۆرتێکی ئەم دواییەدا، ئێمە تیۆریی گەمە و میتودە پەیوەندیدارەکانمان بەکارهێنا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەری تێکشکاندنی داعش. بۆمان دەرکەوت کە ئەگەر ئەو رەوتە نێودەوڵەتییە بەردەوام بێت کە بە ئاڕاستەی گۆشەگیری هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەوا تێکشکاندنی داعش ئەگەرێکی لاوازتر دەبێت. هەروەها لە کاتێکدا کە تیرۆریزم بەردەوام دەبێت لەلایەن ئەلقاعیدە و گروپەکانی دیکەوە، ئەوا هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی هۆکارێکی پەیوەندیدار دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر گروپێکی دیکە کە جێی داعش بگرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر وڵاتان و لایەنەکان پێکەوە کاربکەن و هاوبەشی بکەن لە سەرچاوەکاندا، ئەوا سەرکەوتوو دەبن.

### ● پێکەوە بەهێزتر

سوودەکانی هاوکاریکردنی فرەڕەهەند لە دژی تیرۆریزم روون و ئاشکرایە. بۆ نموونە، ئەو هاوپەیمانێتییەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دروست بووە کە لە ٦٨ وڵات و دامەزراوە پێکهاتووە و لەسەر بنەمای چەند بنەمایەکی گەوهەری لێکنزیك بوونەتەوە، وەك هاوکاریکردنی سەربازی، رێگریکردن لە چوون و هاتنی ئەندامانی بیانی لە عێراق و سوریاوە، رێگریکردن لە گەیشتنی داعش بە سیستمی نێودەوڵەتیی دارایی، چارەسەرکردنی قەیرانە مرۆییەکان و بەرەنگاربوونەوەی ناوبانگی داعش.

لە دوای ئەیلوولی ٢٠١٤وە، ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە- لە نێویاندا ئوسترالیا، بەحرەین، بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارك، فەڕەنسا، ئەردەن، هۆڵەندا، سعودیە، تورکیا، ئیمارات و، بەریتانیا- زیاتر لە ١٩،٠٠٠ گورزی ئاسمانییان لە دژی گروپەکە لە عێراق و سوریا ئەنجامداوە. هەوڵەکانی دیکەی پەیوەست بە هاوکارییەوە دەستەبەرکردنی تەقەمەنی و راوێژکارەکانی لەخۆ گرتبوو بۆ پێکهاتە سەربازییەکانی عێراق، ئەویش بەهێزکردنی هەوڵەکانیان لە گۆڕەپانی شەڕدا.

رێگریکردن لە داعش بۆ ئەوەی دەستی بەسەرچاوەکان رانەگات مەسەلەیەکی سەرەکییە، چونکە داعش بووە دەوڵەمەندترین رێکخراوی تیرۆریستی لە مێژوودا. بەپێی مەزەندەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا، داعش ساڵانە نزیکەی ١,٥ ملیار داهاتی هەبووە، کە بە زۆری لە رێی سەپاندنی باج و سەرانەوە بەدەستی هێناوە، هەروەها لە رێی فرۆشتنی نەوت و پرۆسەکانی دیکەی بە قاچاخبردنەوە، لەگەڵ فرۆشتنی شوێنەوارەکان و کۆمەکی دەرەکییەوە. لە کاردانەوەدا، گروپی



**رایان گرییەر**



**ئەمیر باقێرپوور**

پەیوەست بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی نێودەوڵەتیی داراییەوە زانیاری هەواڵگری داراییان لە نێوان وڵاتە ئەندامەکاندا گۆڕییەوە و کاریان لەگەڵدا کردن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تاکەکەسانەی کە پەیوەستن بە داعشەوە بۆ ئەوەی سزا بدرێن، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو نەوتەی لە ناوچەکانی ژێر دەستی داعش بەرهەم دەهێنرێن و ئەو کۆمەکانەی ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێی سۆشیال میدیاوە بە داعش بدرێن. ئەو وڵاتانەی هاوکاری یەکتریان دەکرد، هەوڵیانداوە ئەکاونتی کەسە سزادراوەکان دابخەن و ڕێگرییان لێبکەن لە گەیشتنیان بە سێکتەرە نێودەوڵەتییە داراییەکان، لە ڕێی هاوکاریکردن لەگەڵ بانقە هاوبەشەکانیانەوە. هەروەها لە ناوبردنی هێزی شەڕکەری داعشیش مەسەلەیەکی سەرەکییە. بە پێی مەزەندەی حکومەتی ئەمەریکا، لە سەرەتای شەڕی ناوخۆیی سوریاوە ٤٠،٠٠٠ چەکداری بیانی لە ریزەکانی داعشدا بوون کە زیاتر لە ١٢٠ وڵاتەوە هاتبوون. ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەرچاو چوونی ئەو شەڕکەرانە بۆ سوریا و عێراق کەم بۆتەوە، بەڵام هێشتا هەڕەشەکە مایەی تەحەددییە بۆ چەندین وڵات، بەتایبەتی کاتێك جیهادییەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. خۆشبەختانە، چەند ئامراز هەن بۆ ڕێگریکردن لەم کارە.

یەکەم، لایەنە هاوبەشەکانی نێو هاوپەیمانێتییەکە دەتوانن لە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی توندوتیژەوە ڕێگری لە رادیکاڵیزەکردن و چوونی خەڵکی بۆ نێو گروپە جیهادییەکان بکەن، کە بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگە و دەستەبەرکردنی مرونەت و دژەپەیام و دڵنەوایی لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن کە لەکارکردن لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بۆچوونی رادیکاڵانە بن. بۆ نموونە، دوای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی سوریا، ئەوا شارۆچکەی ڤیلڤوورد لە سەرووی ئەو شارانەوە بوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا کە زۆرترین ژمارەی شەڕکەریان چووبێتەوە نێو داعشەوە، بەڵام دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامی بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگە و ڕێککارەکانی ڕێنماییکردنەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە، هیچ کەسێك لە شارەکەوە بڕیاری نەداوە کە کۆچ بکات بۆ ئەوەی بچێتە ریزەکانی داعشەوە لە سوریا. سەنتەری "Global Engagemnt"ئەمەریکی کە تایبەتە بە هەماهەنگیکردن لە بواری ناردنی پەیامی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بۆ کەسانی دەرەکی و سەنتەری سواپی ئیماراتی ئامانجیانە بەرەنگاری پڕوپاگەندەی داعش ببنەوە و هاوکاری ئەندامانی کۆمەڵگە بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش هەمان کار ئەنجام بدەن.

**بە پێی مەزەندەی حکومەتی ئەمەریکا، لە سەرەتای شەڕی ناوخۆیی سوریاوە ٤٠،٠٠٠ چەکداری بیانی لە ریزەکانی داعشدا بوون کە زیاتر لە ١٢٠ وڵاتەوە هاتبوون. ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەرچاو چوونی ئەو شەڕکەرانە بۆ سوریا و عێراق کەم بۆتەوە،**

هەروەها وڵاتانی نێو هاوپەیمانێتییەکە دەتوانن ژمارەیەکی زیاتری ئەو کەسانە دەستگیر و دادگایی بکەن کە مەزەندەی ئەوەیان لێدەکرێت تیرۆریست بن و سنوورەکانیان دەبڕن. لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧دا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێبەرێکی بڵاوکردەوە بۆ دەوڵەتە ئەندامەکانی کە پەیوەست بوو بە سیاسەت و یاساگشتگیرەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە، کە بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە ٤٠ وڵات لە بۆسنیاوە بۆ مالیزیا یاسای نوێ دەربکەن کە ئەوەش ئەگەری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی زیاتر کرد.

لەوەش زیاتر، زۆرێك لە وڵاتان ڕێژەی ئاڵوگۆڕی زانیاریی تاوانکارییان زیاتر کردووە، لە ڕێی ئاژانسەکانی وەك ئینتەرپوڵ و یۆرۆپوڵ بۆ لێکۆڵینەوە لەو گەشتیارانەی گومانی ئەوەیان

لێدەکرێت ڕەنگە شەڕکەری بیانی بن و سنوورەکان ببڕن. لە ئێستادا بەلای کەمەوە، ئینتەرپوڵ لەلایەن ٦٠ وڵاتەوە بەکار دەهێندرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕکەرە بیانییەکان، واتە بە ڕێژەی لە سەدا ٤٠٠ لەم ساڵانەی دواییدا. بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەم کارە بە چەشنێکی گەورە هەوڵەکانی ڕێگریکردن دەستەبەر دەکات لە دژی شەڕکەرە بیانییەکان کە سنوورەکان دەبڕن بۆ ئەوەی شەڕ بۆ گروپگەلێکی وەك داعش بکەن.

## ● ڕێگریکردن مەسەلەیەکی سەرەکییە

پێویستە هاوپەیمانێتییەکە و کاراکتەرەکانی دیکە ئەوەندەی پێیان دەکرێت کار لەسەر کاڵکردنەوەی هەر هێزێکی کێشکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی داعش بکەن کە ڕەنگە هەیبێت لە ناوچەکەدا، ئەویش لە ڕێی دەستەبەرکردنی هاوکاری مرۆیی پێویستەوە.

ئێستاش کە شەڕی ناوخۆیی سوریا پێدەنێتە ساڵی شەشەمەوە، ئەوا زیاتر لە ٤٧٠،٠٠٠ کەس کوژراون. نزیکەی حەوت ملیۆن کەس ئاوارە بوون، لە نێو ئەو ژمارەیەشدا، پێنج ملیۆن کەسیان وەك پەنابەر لە دەرەوەی وڵاتەکەدا ژیان بەسەر دەبەن. نەتەوە یەکگرتووەکان سندوقی سەقامگیرکردنی دەستەبەر کرد بۆ پشتیوانیکردن لە خەڵکە مەدەنییەکەی ناوچەکە، ئەویش بۆ دابینکردنی ئاو و پەروەردە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان و هاوکاریکردن لە بواری یارمەتیی مرۆییدا، ئەمەش بەرجەستەکەری گرنگی کاری هەمەلایەنەیە بۆ هێنانەئارای سەقامگیری بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری تیرۆریزم.

خاڵی بەهێزی پشتیوانی داعش بریتییە لەو پشتیوانییەی کە لە دانیشتووانە مەحەلییەکەی ناوچەکەوە بەدەستی دەهێنێت. لاوازکردنی ئەم پشتیوانییە پێویستی بە سازشکردنە بۆ دانیشتووانی سوننە لەلایەن حکومەتی عێراق و ڕژێمی سوریاوە -بە سەرۆکایەتی بەشاری ئەسەد- ئەویش بۆ ئەوەی ئەو دانیشتووانە مەحەلییەی کە پشتیوانی داعش و گروپە توندڕەوەکانی دیکە دەکەن، بەدیلێکیان بۆ دەستەبەر ببێت. تاوەکو سەرکوتکاری تایفەگەری بەردەوام بێت، ئەوا ئاگری هەر یاخیبوونێکی توندوتیژ بەردەوام لە گەشانەوەدا دەبێت.

توێژینەوەیەکی دامەزراوەی ڕاند لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەوە دەخاتەڕوو کە دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ کۆتاییهێنان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، یان ئەوەتا ئەندامەکانی بڕیار بدەن کە ڕێگای ناتوندوتیژ بگرنەبەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، یاخود بەهۆی جێبەجێکردنی یاسا مەحەلییەکانەوە گروپەکە لە ناوببردرێت لە ڕێی دەستگیرکردنی سەرکردە باڵاکانیەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، سیاسەتی مەحەلی، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، ئەویش یان بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە جێیدەهێڵێت، یاخود بە پشتیوانیکردن لە سەپاندنی یاسا مەحەلییەکە. هەروەك نووسەری توێژینەوەکە سەرنجی دەدات، ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بە ڕاستی تێکبشکێت بە بێ ئەوەی پشتیوانی مەحەلی لەدەست بدات. دەستڕۆیشتوویی داعش لە ناوچەکەدا- هاوشان بەو بوارە ئازادەی بۆ دروست بوو بۆ کارکردن-بە ڕادەیەکی گەورە دەرئەنجامی سیاسەتی تایفەگەریی سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری ئەلمالیکی و ئەو کاردانەوە سیاسییە بوو کە لێی کەوتەوە. بە بێ چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسییانە، ئەوا ئەگەری ئەوە نابێت کە دانیشتووانە مەحەلییەکە هەڵبستن بە هاوکاریکردنی پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی ئەندامانی داعش، یان ئەگەری ئەوە نابێت ئەو کەسانەی بۆی هەیە بچنە نێو داعشەوە، بڕیاری خۆیان بگۆڕن و ڕێگایەکی ناتوندوتیژ بگرنەبەر.

بەبێ دەستەبەرکردنی هاوکاری لە دژی داعش، ئەوا گروپەکە بەهێز دەبێت، بەڵام وڵاتان پێویستیان بە پاڵنەرە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن، بۆ ئەوەی زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ بکەن، بۆ ئەوەی یاساکانیان هەموار بکەنەوەو، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کۆمەڵگەکانیان بکەن کە مەترسیی ئەوەیان لێدەکرێت بکەونە ژێر کاریگەری ڕادیکاڵیزمەوە.

یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵگرتنی قەدەغەکردنی سەفەر بۆ ئەمەریکا لەسەر وڵاتی عێراق، ئەوەیە لە گۆڕەپانی شەڕدا، تەنانەت سوپای ئەمەریکاش پێویستی بە هاوکاری مەحەلی هەیە و کەمکردنەوەی پاڵنەرەکانی ئەم هاوکارییەش ئەم هەوڵە زیاتر زەحمەتتر دەکات. لەبری پەنابردنەبەر گرتنەبەری شێوازێکی توندو تاکلایەنە، ئەوا هێزی بنەڕەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە تێکشکاندنی ڕاستەقینەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا لە هاوکاریکردندایە. کاریگەری هەوڵە هاوبەشەکان بەهێزترین ئامرازە بۆ دابڕین و دەستنیشانکردنی ئەو مەترسییەی لە تیرۆیستانەوە سەرچاوە دەگرێت.

***ئەم نووسینە لە گۆڤاری فۆرێن ئەفێرزداو لە ڕۆژی ١٠ی نیسانی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.**

**دوای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی سوریا، ئەوا شارۆچکەی ڤیلڤوورد لە سەرووی ئەو شارانەوە بوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا کە زۆرترین ژمارەی شەڕکەریان چووبێتەوە نێو داعشەوە، بەڵام دوای جێبەجێکردنی پڕۆگرامی بەشدارپێکردنی کۆمەڵگە و ڕێککارەکانی ڕێنماییکردنەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە، هیچ کەسێک لە شارەکەوە بڕیاری نەداوە کە کۆچ بکات بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزەکانی داعشەوە لە سوریا**

**ڕێگریکردن لە داعش بۆ ئەوەی دەستی بەسەرچاوەکان ڕانەگات مەسەلەیەکی سەرەکییە، چونکە داعش بووە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە مێژوودا. بەپێی مەزەندەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا، داعش ساڵانە نزیکەی ١,٥ ملیار داهاتی هەبووە**

# پیشەسازیی دوژمنایەتیکردنی دەسەڵات

مەبەست لە پیشەسازیی دوژمنایەتیکردنی دەسەڵات، کارکردنی میتۆدییە بۆ دروستکردنی کەلتوورێك لە نێو کۆمەڵگە بەمەبەستی دژایەتیکردنی دەسەڵات، بێگومان وەرگرتنی دەسەڵات ئامرازەکانی زۆرن، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا پێوەرەکانی: هەڵبژاردن، ئەزموون، لێهاتوویی، دەستپاکی، تێکەڵبوون بە جەماوەر بە پێوەری سەرەکی لەم بوارەدا هەڵدەبژێردرێن. هەروەها لێپرسینەوە و شەفافییەت و دادوەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەشداری سیاسی پێوەری دیکەن، ئەوەی لە کۆمەڵگەی خۆماندا تێبینی دەکرێن، بۆ هەموو ئەم ئامرازانە بەرچاوە لەبەر رۆشنایی ئەزموونی ٢٥ ساڵەی رابردوو لە حوکمرانیدا، چ لە بواری هەڵبژاردنەکان، یاخود توانای سیاسی لە بواری بەڕێوەبردن و تا رادەیەك سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، تەنانەت لە بواری ئابووریشدا ئەگەر بەراوردێك بکرێت لەگەڵ ٢٠ ساڵی رابردوو ئەوە تێبینی دەکرێت لە بوارەکانی چاکیی ژیان و نەبوونی رێژەی ژێر هێڵی هەژاری و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان گۆڕانکاری بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە زۆر لە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەو پێشڤەچوون رۆیشتوون، لە هەمان کاتدا لە مەسەلەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاری و نیشتەجێبوون ئاوەدانییەکی باشی هەبووە. ئەمە شوێن پەنجەکانی دەسەڵاتی تێدا بەدی دەکرێت. شتێکی سروشتییە لە هەمان کاتدا بوونی کێشەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، چونکە هاودژی بنەمای پێشکەوتنی رۆشنبیری و سیاسی دیاردەیەکی روونە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، چ لە بواری فرەیی حزبی، یاخود چوونی بەرەو قۆناغی نوێبوون و تازەبوونی سیاسی لە دامەزراوەکانی سیاسی.

زۆر لە مەسەلەکانی ژیان رێکخراون و لەوانەیە یاساکان لە قۆناغێکدا رووبەڕووی بێ توانایی بن، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرچاوەکانی یاسا تەنیا دەقی یاسایی نییە، بەڵکو لە عورف و فقە و عادەت و بڕیارەکانی دادگا رۆڵ دەبینن. لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی سەرەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمی کوردستان ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵە لە هەوڵدان بۆ بنیادنانی پیشەسازیی دروستکردنی دوژمنایەتی بۆ دەسەڵات، واتە ئەوەی لە دەسەڵاتە تەنیا سەیری لایەنە نێگەتیڤەکانی دەکرێت و بە هیچ شێوەیەك باس لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ناکرێت، وێنەی دەسەڵات زۆر ناشیرین دەکرێت، دەبێت ئەم راستییە بزانین کە پێکهاتەکانی دەسەڵات تەنیا بریتی نییە لە سیاسییەکان، بەڵکو تەکنۆکراتەکان بەشدارن، و بە کاری هاوبەشی سیاسی و تەکنۆکرات کارەکانی دەسەڵات بەڕێوەدەچێت.

ئەم جۆرە پیشەسازییە مەبەستە شاراوەکانی تێکدانی سەقای سیاسی و ئابووری و دروستکردنی گرژیی کۆمەڵایەتییە، لەئەنجامدا هەوڵدانە بۆ تێکدانی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەم جۆرە پیشەسازییەش وامان لێ دەکات وریا بین و دەبێت بزانین لە رووی یاساییەوە دەکەوێتە خانەی تاوانی دژی ئاسایشی ناوخۆ کە بە ترسناکترین تاوان هەژمار دەکرێن.

زۆر لە دەزگاکانی راگەیاندن و تەنانەت هەندێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشێك لە ئەکادیمییەکان ئەم بابەتە دەقۆزنەوە و بەپێی زۆر لە ئەجێندا و سیناریۆکان دەکەونە شاڵاوی دژایەتیکردنی دەسەڵات بەم جۆرە پیشەسازییەوە سوودوەرگرتن لە کەشوهەوای دیموکراسی، تەکنەلۆجیای زانیاری خراپ بەکاردەهێنن، بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندن.

لە راستیدا ئەوانەی لە پشت ئەم جۆرە پیشەسازییەن، کۆمەڵێ لە گیروگرفت و گرێی سایکۆلۆجی و نەخۆشیی دەروونییان هەیە، بۆیە پێویستە وریا بین، چونکە ئەگەر وابێت، هەموو رووەکانی دەسەڵات ناشیرینە، ئەی بۆ ژیان بەڕێوەدەچێت؟ بۆیە پێویستە لە ئێستادا زەنگی مەترسی بەرامبەر ئەم جۆرە پیشەسازییە لێبدرێت و بە شێوازی هەمەجۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و رەخنەگرتن لە دەسەڵات دەبێت لە سنووری کارەکانی بێت، نەك پەنا ببردرێت بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە کەسایەتی و خێزان و جنێودان. هەروەها پێویستە دەسەڵات پێداچوونەوە بە خۆیدا بکات.



**د.نەجدەت ئاکرەیی**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**



نایف سیدۆ قاسم

بەڕێوەبەری ناحیەی سنۆنێ لەدەڤەری شنگال بۆ گوڵان:

# جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی راشکاوانە رایگەیاندووە، ئێمەی ئێزیدی هێشتا برینەکانمان تەڕن و سارێژ نەبوونەتەوە، کەچی پەکەکە خەریکە دووچاری شەڕو ماڵوێرانیی دیکەمان دەکاتەوە

# سەرۆک بارزانی بە پشت و پەنای ئێزیدی دەزانین و خۆشمان گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ سەرۆک بارزانی ئێزیدی بوونی نابێت

**جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی لە رەفتارەکانی پەکەکە بەرامبەر کوردانی ئێزیدی و دەڤەری شنگال توورەیە و بە زمانێکی کوردانە پێیان دەڵێت، ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات، برینێکی قووڵی لە جەستەماندا دروست کردووەو هێشتا ئەو برینە هەر تەڕەو سارێژ نەبۆتەوە، کەچی پەکەکە خەریکە جارێکی دیکە کارەساتێکی دیکە بەسەر ئێزیدییەکان دەهێنێت و لەبری ئەوەی هاوکار بێت بۆ گەڕانەوەی ئێزیدییەکان و ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکە، کەچی بەوەکالەتی دەوڵەتانی دژی کوردستان خەریکە ناوچەکە دوچاری شەڕێکی دیکەی نەخوازراو و ماڵکاولییان دەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی شنگال و دەڤەرەکە و هۆکاری دواکەوتنی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ نایف قاسم سەیدۆ بەڕێوەبەری ناحیەی سنۆنێ-ی سەربە شنگال ئەنجام داو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای ئەو کارەسات و ژینۆسایدە گەورەیەی بەسەر کوردانی ئێزیدی لە شنگال هات، سەرۆک بارزانی خۆی بەشداری شەڕی شنگالی کرد، لەم سەرکەوتنەشدا ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون. ئایا ئازادکردنەوەی شنگال بە بەشداریی سەرۆک بارزانی تاچەند لای کوردانی ئێزیدی جێگەی خۆشحاڵی بوو؟ ئایا تاچەند ئێزیدییان سەرۆک بارزانی بە پشت و پەنای خۆیان دەزانن؟**

- شنگال و چیای شنگال و ناوچەیەکی فراوانی ئەو دەڤەرە بە فەرماندەیی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە ئازاد کران، لەم شەڕە گەورەیەشدا زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون و نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەش بریندار بوون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە لای سەرۆک بارزانی ئێزیدی کوردی رەسەنن و شنگالیش بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی کوردستان. کاتێک شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکرا، سەرۆک بارزانی سۆزی بەهەموو کوردانی ئێزیدی دا کە بەهەر نرخێك بێت شنگال دەبێت لە چنگی تیرۆریستانی داعش ئازادبکرێت، بەم داستانە گەورەیەش سەرۆك بارزانی بەڵێنەکەی خۆی بۆ کوردانی ئێزیدی جێبەجێ کردو سەلماندی کە بەڕێزیان پشت و

پەنای کوردانی ئێزیدین و جارێکی دیکە ڕێگەنادات داعشەکان و تیرۆریستان و شۆڤێنییەکان کوردانی ئێزیدی کۆمەڵکوژ بکەنەوە، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی درێژەپێدەری هەمان هەڵوێستی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی-یە، من خۆم کاتێك لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە قۆناخی سەرەتایی دەمخوێند، ئەوکات پیرەمێردەکانی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزیدی دەیانگوت مەلا مستەفا بارزانی پشتیوان و هاوخەمی کوردانی ئێزیدی بووە.

بارزانی-ی نەمر ئەو ڕێبەرە بوو کە بناغەی پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی نێوان ئایین و ئاینزاکانی لەکوردستان دانا، سەرۆك مسعود بارزانی درێژەپێدەری هەمان ڕێبازەو بەهەمان شێوە بووە پاڵپشت و پەنای ئێمەی کوردانی ئێزیدی بۆ ئەوەی لەناو نەبرێین، لەم پێناوەشدا سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵی خۆی لەسەر ئاستی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش خستەگەڕو بەمەش توانی ڕۆڵێکی گرنگ بگێرێت بۆ یارمەتیدانی خێزانە ئاوارەکانی ئێزیدی و پاشانیش سۆزی بە جڤاتی ڕۆحانیی ئێزیدی دا کە هەردەبێت شنگال ئازادبکرێتەوەو بەڵێنەکەشی جێبەجێ کرد.

*** پرۆسەی ئازادکردنی چیای شنگال پێش ئازادکردنی شنگال کەوت، هەروەها لەسەر چیای شنگال سەرۆك بارزانی وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد، ئایا کە چیای شنگال ئازادکرا هەستی ئێوە وەك کوردانی ئێزیدی چی بوو؟**

- لە ٢٠١٤/١٢/١٩ ناحیەی سنۆنێ ڕزگار کراو ڕاستەوخۆ لە ٢١ی مانگدا سەرۆك بارزانی هاتە سەر چیای شنگال و وتارە مێژووییەکەی خوێندەوەو بەڵێنی بەکوردانی ئێزیدی دا تۆڵەی کوردان لە تیرۆریستانی داعش دەکاتەوەو شنگال ئازاد دەکات، هەربۆیە کوردانی ئێزیدی دەڵێن: ئەگەر سەرۆك نەبێت، ئێمە بوونمان نییە.

*** دەبوو دوای ئازادکردنی ئەو ناوچانە دەست بکرێت بە دووبارە ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی، ئایا ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە، یان دواخراوە؟**

- ڕاستە کوردانی ئێزیدی لە شنگال و سنۆنێ و خانە سۆر و تەواوی ئەو دەڤەرە چاوەڕێی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیانن تاوەکو بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام بوونی پەکەکە ڕێگرە لەبەردەم بەدیهێنانی ئەو ئاواتەیان بەتایبەتی لەسنووری خانە سۆر و چیای شنگال کە چەندین گرووپی جیاجیای چەکداری سەر بەپەکەکە بەناوی سەیروسەمەرەی بوونیان هەیە، کە لەناویاندا عەرەبی عێراقی و کوردی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و باکوور و تورك و ژمارەیەکی کەمی کوردی ئێزیدی هەیە. چەکدارە عەرەبەکانی ناو پەکەکە زیاتر سەر بەو هۆزە عەرەبانەی سەر سنووری نێوان عێراق و سووریان کە لەسەرەتای کارەساتی ئێزیدییەکانەوە دەستیان لە کوشتن و ڕفاندنی زارۆك و کچ و ژنی کورد هەبووە، ئەمەش نائارامی و نامتمانەییەکی لای کوردانی ئێزیدی دروستکردووە کە نەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەم حاڵەتە لەسەنتەری ناحیەی سنۆنێ کەمتر ڕەنگی داوەتەوەو هێزی پێشمەرگە نەیهێشتووە ئەو پشێوی و نائارامییە دروست بکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیانیان بۆ هەموو دەڤەرەکەمان هەیە، لەدنیاشدا هەر وایە لەناوچەیەکدا گروپ و چەکداری نایاسایی و نانیزامی هەبێت، ئارامی نامێنێت.

*** ئایا پەکەکە چی لە شنگال دەوێت و بۆچی شنگال چۆڵ ناکات بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە ئاوەدانکردنەوەی؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت حەزدەکەم باسی ئەو نائارامی و پشێوییە بکەم کە بەهۆی بوونی ئەو هەموو گروپە چەکدارە بیانییەی پەکەکە لەناوچەکەدا دروست بووە، بە ڕادەیەك لە بازگەکانیان خەڵکی مەدەنییان ڕفاندووە، هەربۆیە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە جیهانییەکان لەپارێزگای دهۆك چەندین جار پێیان ڕاگەیاندووین کە ئەوان ئامادە نین لەناوچەیەکدا کاربکەن کە ژیانی کارمەندەکانیان زامن نەبێت، ڕووداوەکانی خانەسۆر و دەستدرێژییەکانی پەکەکە بۆسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەی هێزی ڕۆژ، دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، ئەوان ڕێگەیان بەهێزی پێشمەرگە نەدا لەسەر خاکی خۆیان جووڵەی سەربازی یەکەکانیان بکەن، هەربۆیە شەڕیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان فرۆشت، ئەمەش بۆ ئێمەی کوردانی ئێزیدی دۆخەکەی ئاڵۆز کردەوە، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆری ئەو خێزانانەی ڕوویان لە خانەسۆر و سنۆنێ کردبوو، دووبارە بەهۆی ڕەفتارەکانی پەکەکەوە ئاوارە بوونەوە و ڕوویان لەناوچەکانی پارێزگای دهۆك کردەوە،

**بارزانی-ی نەمر ئەو ڕێبەرە بوو کە بناغەی پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی نێوان ئایین و ئاینزاکانی لەکوردستان دانا، سەرۆک مسعود بارزانی درێژەپێدەری هەمان ڕێبازەو بەهەمان شێوە بووە پاڵپشت و پەنای ئێمەی کوردانی ئێزیدی بۆ ئەوەی لەناو نەبرێین**

**لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە قۆناخی سەرەتایی دەمخوێند، ئەوکات پیرەمێردەکانی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزیدی دەیانگوت مەلا مستەفا بارزانی پشتیوان و هاوخەمی کوردانی ئێزیدی بووە**

**پەکەکە ئیستغلالی ئەوەی کردووە هێشتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و هەرەشە دەرەکییەکانە و گوێڕایەڵی سەرۆک بارزانی-ن بەوەی شەڕی کورد لەگەڵ کورد ڕوونەدات**

تەنانەت خێزانە ئێزیدییەکان مەترسیی ئەوەیان هەیە کوڕو کچەکانیان فریو بدرێن و تێکەڵی ئەو گروپە چەکدارانەیان بکەن و پەلکێشی شەڕەکانی منبج و رەققە و قەندیلیان بکەن، یان لەشەڕی ناوخۆی کورداندا بەکاریان بهێنن. ئێستا پەکەکە دژی داواکاری چڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و سەرۆك هۆزەکانی کوردانی ئێزیدی کاردەکات و ئامادە نین شنگال و دەڤەرەکە چۆڵ بکەن، ئەوان وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەو جڤاتی رۆحانیی ئێزیدییان داوەتەوە بەوەی بەبێ رەزامەندیی حکومەتی عێراق ئامادەنین ئەم ناوچەیە چۆڵ بکەن، چونکە ئەوان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێران و میلیشیای حەشدی شیعە هەیەو وەکو وەکالەتێك ئەو ناوچەیەیان داگیرکردووە. چەکدارانی پەکەکەو هەموو گروپەکانی تری سەر بەوان، خۆشیان نازانن بۆ سوورن لەسەر مانەوەی چەکدارەکانیان لەم ناوچەیە، ئایا ئەوان سیاسەت و بەرنامەی موخابەراتی وڵاتانی ناوچەکە جێبەجێ دەکەن و بوونەتە کارتێکی فشار بەدەستی حکومەتەکانی بەشار ئەسەد و مالیکی و ئێران و ئەوان تەنیا کاریان تێکدانی ناوچەکەیە؟ ئێمە سوپاسی ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەمان کرد کە لەدووماهی کارەساتی شنگال بەفریای ماڵبات و خێزانە کوردەکانی شنگالەوە هاتن، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئەوەی نەبنە گرفت و ناوچەکەمان دوچاری شەڕێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نەبێتەوە، داواکارین بەسوپاسەوە پەکەکە ئەو ناوچانە چۆڵ بکات و چەکدارەکانی بیانی بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، تاوەکو شنگال و تەواوی دەڤەری کوردانی ئێزیدی ئاوەدان بکرێتەوە.

*** پەکەکە حەشدی شەعبی بە دۆستی خۆی و پێشمەرگە بە دوژمنی خۆی دەزانێت، ئایا ئێوە رازین پەکەکە لە شنگال نوێنەرایەتی حەشدی شەعبی بکات؟**

- پەکەکە حەشدی شەعبی و سوپای بەشار ئەسەدو میلیشیا شیعەکان بەدۆستی خۆی دەزانێت، چونکە پەکەکە بەوەکالەت کار بۆ ئەوان دەکات دژ بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هێزێکیشیان بەناوی یەپەشە وەکو جاش هەیە و مووچە لەحکومەتە شیعەکەی بەغدا وەردەگرن، لەناو ئەم گروپە چەکدارەی سەر بە پەکەکە ژمارەیەکی کەمی کوردی ئێزیدی بوونی هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی دوای کارەساتی شنگال روویان لەکوردستانی رۆژئاوا کرد، ئەمڕۆ بێ گوێدانە ماڵبات و دایك و باوکی ئەوان کوڕو کچەکانیان کردووەتە چەکدار، ئەوانیش ئێستا وردە وردە راستییەکەیان بۆ دەرکەوتووەو دەگەڕێنەوە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە بەهیچ شێوەیەك نە جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و نە یەکە ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە هێزی پێشمەرگەی کوردستان قبووڵیان نییە پەکەکە لە شنگال بمێنێتەوەو ببێتە هۆکاری نانەوەی فیتنەیەکی گەورە. ئێمە وا بۆ سێ ساڵ دەچێت لەناو کارەسات و ئاوارەییداین، جگە لەخەڵکی کوردستان، بەتایبەتی پارێزگای دهۆك و حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکەی عێراق و ئیقلیمی هاوکاری ئێمەی نەکردووە، ئەوە ماوەی سێ ساڵی تەواوە بەغدا بودجەی ئەم ناوچانەی بڕیوەو بەفەرمی دژایەتی ئێمە دەکات، پێش ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی بەغدا بەتەواوەتی ناوچەی ئێزیدییەکانی فەرامۆش کردبوو، هیچ پارەو بودجەیەکی بۆ تەرخان نەدەکرد بۆ ئەوەی کوردی ئێزیدی ئەم ناوچانە چۆڵ بکەن و بەغدا تەعریبی بکات، لەکاتێکدا ئێمە ساڵانە پێداویستی و پرۆژەو داواکارییەکانمان رەوانەی پارێزگای موسڵ کردووەو لەوێشەوە دەنێردرایە حکومەتی بەغدا، بەڵام لەبەر ئەجیندەی سیاسی و مەزهەبی و شۆڤێنی حکومەتی عێراق ناوچەی کوردانی ئێزیدی فەرامۆش دەکرد، ئەم حاڵەتە بەنیسبەت حکومەتی کوردستانەوە پێچەوانە بوو، لەکاتێکدا حکومەت دوچاری قەیران بووە، بەڵام یەکە ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی بە بەردەوامی هاریکاری ئێمە بوون، تەنانەت لەکاتی ئاوارەبوونمان دەرگای قوتابخانەو مزگەوت و شوێنە گشتییەکان لە پارێزگای دهۆك بە رووی ئێمە کرایەوەو پارەو بودجە تەرخانکرا بۆ فریاکەوتنی ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارە، کوردی ئێزیدی هەرگیز ئەمە لەیاد ناکەن، ئیتر چۆن دوای گروپ و لایەنی سیاسی وا بکەون کە دژی هەرێمی کوردستان بن.

*** پەکەکە دەیەوێت شنگال بکاتە کانتۆن و لەکوردستان دایببڕێت، ئایا ئێوەی کوردی ئێزیدی قبووڵ دەکەن شنگال بکرێتە کانتۆن و لەکوردستان جیا بکرێتەوە؟**

**پەکەکە وەکو حزبێکی سیاسی لە کەلتوورو دابونەریتی کوردانی ئێزیدی زۆر دوورە، ئێمە هەرگیز بڕوامان بەوە نەبووە کوڕو کچی جاحێل و زارۆک تێکەڵ بە شەڕی بەوەکالەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بکەین**

**شنگال و سنۆنێ و تەواوی دەڤەرەکەمان ناوچەیەکی کوردستانییەو بەشێکی دانەبڕاوە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لە سەرووی لە ٨٠٪ی خەڵکی دەڤەرەکە داواکارن لەسەرۆک بارزانی بە گشتپرسییەک ناوچەکە بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان**

**ئێمە سوپاسی ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەمان کرد کە لەدووماهی کارەساتی شنگال بەفریای ماڵبات و خێزانە کوردەکانی شنگالەوە هاتن، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئەوەی نەبنە گرفت و ناوچەکەمان دوچاری شەڕێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نەبێتەوە، داواکارین بەسوپاسەوە پەکەکە ئەو ناوچانە چۆڵ بکات**

- شنگال و سنۆنێ و تەواوی دەڤەرەکەمان ناوچەیەکی کوردستانییەو بەشێکی دانەبڕاوە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لە سەرووی لە ٨٠٪ی خەڵکی دەڤەرەکە داواکارن لەسەرۆك بارزانی بە گشتپرسییەك ناوچەکە بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان خەڵکی دەڤەری شنگال بەشدارییەکی کارای ئەو شۆڕشانەیان کردووەو لەم پێناوەدا چەندین شەهیدو قوربانییان پێشکەش بە خاکی پیرۆزی کوردستان کردووە، پەکەکەو حەشدی شەعبی و سوپای مەزهەبیی عێراقی و گروپە چەکدارەکانی تری سەر بەپەکەکە چی دەبێژن با ببێژن، لەکۆتاییدا هەر خەڵکی شنگال شارەکەیان دەگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان، تێکدەرانیش جێگایان لەخاکێکدا نابێتەوە کە ئەوەندە قارەمان و پێشمەرگەی ئازای تێدا بێت. پەکەکە چۆن ماڵ و وڵاتی کوردانیان لەباکووری کوردستان وێران کرد، گوێیان لێ نییە دەیانەوێت دەڤەری کوردانی ئێزیدیش بکەنە گۆڕەپانێکی ململانێی مەزهەبی و ئیقلیمی لەمەشدا کوردانی ئێزیدی هەروەکو جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی گوتی: هێشتا برینەکانمان تەڕن و ساڕێژنەبوون، کەچی پەکەکە خەریکە دووچاری شەڕو ماڵوێرانی دیکەمان دەکات.

*** باس لەوە دەکرێت کە پەکەکە بە زۆر کچان و کوڕانی کوردانی ئێزیدی دەڕفێنێت و چەکداریان دەکات، ئایا ئەم کارە خراپانەی پەکەکە تاچەند جێگەی نیگەرانی ئێوەی کوردی ئێزیدییەو دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی پەکەکە واز لەو رەفتارە خراپانە بهێنێت؟**

- پەکەکە وەکو حزبێکی سیاسی لە کەلتوورو دابونەریتی کوردانی ئێزیدی زۆر دوورە، ئێمە هەرگیز بڕوامان بەوە نەبووە کوڕو کچی جاحێل و زارۆك تێکەڵ بە شەڕی بەوەکالەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بکەین، تەنانەت ئەو ئافرەت و گەنجانەی دێنە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە سەرەتا پرس و راوێژ بەدایك و باوکیان کراوە. هەر ئەمەشە وایکردووە نزیکەی ٥٠٠ کوردی ئێزیدی کە خێزانەکانیان بەهۆی کارەساتەکەی شنگالەوە روویان لە رۆژئاوا کردبوو لەلایەن پەکەکەوە ئیستغلال کرابوون، ئەمڕۆ پەکەکەیان جێهێشتووە و هاتنە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەهاوشێوەی زیاتر لە ٨٠٠٠ هەزار کوردی ئێزیدی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە چ لەناو هێزی فەرماندەیی شنگال بە فەرمادەیی قاسم شەشۆ، هەروەها ٣٠٠ ئافرەتی ئێزیدی لەناو ریزەکانی لەشکری رۆژ، زیاتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگەی تر لەناو هێزی حەیدەر شەشۆ، هەروەها ٥٠٠٠ پێشمەرگەی تر بەجودا جودا لەناو ریزەکانی زێرەڤانی و یەکە سەربازییەکانی تری سەر بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانن، ئەمە جگە لە پاسەوان و پۆلیس و ئاسایش و چەندین وڵاتپارێزی تری ناو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەمەش کوردانی ئێزیدی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکهاتەیەکی گرنگ و سەرەکین، واتا بوونی ١٥ هەزار پێشمەرگەی کوردانی ئێزیدی نیشانی دەدات کە ئێزیدی پێکهاتەیەکی رەسەنی کوردەو شنگال و تەواوی دەڤەرەکە کوردستانییەو بەواقیعیش گەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان دەیپارێزێت، هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ مەترسیی وڵاتانی ئیقلیمی و هاندانی پەکەکە بۆ ئەوەی لەم ناوچەیەدا زیان بەکوردانی ئێزیدی بگەیەنێت.

*** پەکەکە عینادی دەکات و دەیەوێت شەڕێك لەو ناوچەیە دروست بکات، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شەڕە لەو ناوچەیە دوور بخەینەوە؟**

- پەکەکە تا ئێستا هیچ گرنگی نەداوە بە داواکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و سەرۆك هۆز و بنکەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی لالش و ئەنجومەنی پارێزگای نەینەواو ئەنجومەنی قەزاو یەکە ئیدارییەکانی دەڤەری شنگال و پێشمەرگەی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پیرمەندەکانی ئێزیدی، بگرە لە مەزارگەی شەرەفەدین هەمووان کۆبوونەوە و کۆك بوون لەسەر ئەوەی پەکەکە شنگال چۆڵ بکات، بەڵام پەکەکە ئیستغلالی ئەوەی کردووە هێشتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرقاڵی رووبەڕووبوونەوەی داعش و هەڕەشە دەرەکییەکانە و گوێڕایەڵی سەرۆك بارزانی-ن بەوەی شەڕی کورد لەگەڵ کورد روونەدات، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ کوردستانییەتی شنگال زیاتر دەردەکەوێت و کوردانی ئێزیدی زیاتر دێنە ناو ریزەکانی پێشمەرگەوە، هەربۆیە وا باشترە پەکەکە عینادی لەگەڵ ئیرادەی ئەم گەلە نەکات، کە تەنیا بۆ رزگارکردنی شنگال ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون.

**پەکەکە دژی داواکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و سەرۆک هۆزەکانی کوردانی ئێزیدی کاردەکات و ئامادە نین شنگال و دەڤەرەکە چۆڵ بکەن**

**ژمارەیەکی زۆری ئەو خێزانانەی روویان لە خانەسۆر و سنۆنێ کردبوو، دووبارە بەهۆی رەفتارەکانی پەکەکەوە ئاوارە بوونەوە و روویان لەناوچەکانی پارێزگای دهۆک کردەوە**

**رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە جیهانییەکان لە پارێزگای دهۆک چەندین جار پێیان راگەیاندووین کە ئەوان ئامادە نین لەناوچەیەکدا کاربکەن کە ژیانی کارمەندەکانیان زامن نەبێت**

**چەکدارە عەرەبەکانی ناو پەکەکە زیاتر سەر بەو هۆزە عەرەبانەی سەر سنووری نێوان عێراق و سووریان کە لەسەردەمی کارەساتی ئێزیدییەکانەوە دەستیان لە کوشتن و رفاندنی زارۆک و کچ و ژنی کورد هەبووە**



سەرهات دێرسیم

ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە لەبری ئەوەی کێشە بۆ شنگال دروست بکات، دەبوو هاوکاریی گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکات

# پێشتر پەکەکە بانگەشەی دەکرد کە خەبات بۆ دەوڵەتی کوردستان دەکات، بەڵام ئێستا ئاستەنگ و ئاڵۆزیی بۆ دروست دەکات

**سەرهات دێرسیم لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکەوە، ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووەو چەندین پۆست و پایەی وەك فەرماندەیی و ئەندامی سەرکردایەتی وەرگرتووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤دا دەستی لەکارکێشاوەتەوە. لەدیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا ڕەخنەی توند لەبەرنامەو سیاسەتی پەکەکە دەگرێت، بەتایبەتی لەمەڕ هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەر باشووری کوردستان. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

**عەبدوڵا ئۆجەلان پێش دەستگیرکردنی بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد، بەڵام لە دوای دەستگیرکردنی ستراتیژیەتەکەی گۆڕا بۆ کارکردن بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی**

**سەلاحەدین دەمیرتاش سیاسەتمەدارێکی تێگەیشتوو بوو، بەڵام ڕێگەی پێنەدرا بە هزر و بیرکردنەوەی خۆی سیاسەت بکات، چونکە بەردەوام قەندیل دەستێوەردانی دەکرد، هەروەها سەرۆک شارەوانییەکانیشیان بۆ بەرژەوەندی کورد بەکار نەهێنا، بەڵکو خرانە خزمەتی قەندیلەوە. دواتر ئەوان هاتن و شەڕی خەندەقیان کرد**

*** پەکەکە کاتێك وەك حزبێکی سیاسی خۆی ڕاگەیاند، داوای دەوڵەتی کوردستانی گەورەی دەکردو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنیا دەوڵەت چارەسەری کێشەی کورد دەکات، بەڵام ئێستا پەکەکە هەر خۆی دژی دەوڵەتی کوردستانەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە نابێت باس لە دەوڵەت بکرێت، ئایا پاشەکشەی پەکەکە لەدەوڵەت لەسەر چ بنەمایەکە؟**

- لە بنەڕەتیدا پەکەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پارتەکەی ئەو پارتێکی سەرۆکایەتییە، واتە لەسەر بنەمای سیستمی سەرۆکایەتی هاتۆتەدامەزراندن. سەرۆکی پەکەکەش، عەبدوڵا ئۆجەلان-ە کە ئێستا لە زیندانداییە، پێش دەستگیرکردنی بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد، بەڵام لە دوای دەستگیرکردنی، ستراتیژیەتەکەی گۆڕا بۆ کارکردن بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی. واتە ئەگەر بهاتایە ئۆجەلان لە دوای دەستگیرکردنی ڕایبگەیاندایە کە من لە سەرەتاوە کارم بۆ دەوڵەتی کوردی کردووەو ئێستاش کە دەستگیرکراوم هیچم پێناکرێت، بەڵام باوەڕم وایە هاوڕێ و هاوەڵەکانم و گەلی کورد درێژە بە دۆزەکە دەدەن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو پەکەکە درێژەیان بەو دۆزە بدایە. بەڵام ئەو ڕایگەیاند کە ئەوەتا من لە زیندانم، کەوابێت ئێوە لەگەڵ دەوڵەتدا ڕێککەوتنێك بکەن، کە ئەو ڕێککەوتنەش لە بەرژەوەندیی کورد نەبوو. دواتر دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە پەکەکە پارتێکی چەپڕەوە، بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە پێویستە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دابمەزرێندرێت، ئەویش نەك لەسەر بنەمای کوردایەتی، بەڵکو لەسەر بنەمای تەبایی و برایەتیی گەلان. واتە ڕاستە هەر لە دەستپێکەوە پەکەکە داوای دەوڵەت و بڕەودان بە کوردایەتی دەکرد، بەڵام لە کارکردنی ناوخۆیی خۆیدا و لە خەباتی خۆیدا کوردایەتی نەپاراست و لە ڕەوتی کوردایەتی دوورکەوتەوە.

*** لە ئێستا هەموو کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان پێویستی بە گوتارێکی یەکگرتوو و ستراتیژیەتێکی هاوبەش هەیە، بەڵام پەکەکە ڕێگرە لە دروستبوونی ئەم گوتارە هاوبەشەو تەنانەت وەکو هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئاڵای کۆماری کوردستان ( ئاڵاکەی قازی محەمەد) بگۆڕێت کە هەموو کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان شانازی پێوە دەکات، ئایا دژایەتی پەکەکە بۆ یەك گوتاری و یەکڕیزی و ستراتیژیەتی هاوبەش و ئاڵای کوردستان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- لە ئێستادا پەکەکە بە ئاشکرا دەڵێت من خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی نیم، بەڵکو دژی دەوڵەتی کوردیم، بۆ نموونە ئەوان پێشوازی لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ناکەن لە کەرکووك، ئەوان دژایەتی هەر کارێك دەکەن کە ئامانج لێی دەوڵەت دروستکردن بێت، ئەمەش کێشەیەکی

فیکری و ئایدیۆلۆژییە کە پەکەکە بە دەستیەوە دەناڵێنێت. گەوهەری کێشەکە ئەوەیە پەکەکە پێیوایە کوردایەتی لەگەڵ ئەودا دەستیپێکردو لە دوای ئەویش کوردایەتی ناکرێت. ئەگەر بپرسین کورد چییە لای پەکەکە، ئەوا ئەوان لایەنگرانی خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام لێکدژییەکە لەوەدایە کە ئەوان هەڵگری ئامانجی کوردایەتی نین و بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی نین. لەلایەکی دیکەوە پەکەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ دژایەتی رەوتی نەتەوەیی و رێبازی بارزانی کردووە، ئەمەش سەریکێشا بۆ دروستبوونی ناکۆکی و تەنانەت دروستبوونی شەڕ لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان. چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، پەکەکە لە رێبازی کوردایەتی دوور کەوتۆتەوە، لە باشوور کورد بە داواکردنی ئۆتۆنۆمی دەستی پێکرد، ئێستا داوای سەربەخۆیی دەکات، کەچی پەکەکە بە داواکردنی سەربەخۆیی دەستی پێکرد و ئێستاش داخوازییەکی دیاری کراوی نییە.

*** ئەو نەهامەتی و کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، وەك هۆلۆکۆستی جولەکە وابوو، بەڵام ئێستا پەکەکە ئەو بارودۆخەی بە فرسەت وەرگرتووەو لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی شنگال بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و دەستبکرێت بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و دووبارە گێڕانەوەی ئێزیدییەکان و سارێژکردنەوەی برینەکانیان، کەچی هەموو هەوڵی خۆستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی شنگال لە هەرێمی کوردستان داببڕێت و ریگە لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال بگرێت، ئایا پەکەکە بۆ بەرژەوەندیی کێ کارەساتێکی دیکە بەسەر ئێزیدییەکاندا دووبارە دەکاتەوە؟**

- پەکەکە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات، چونکە ئەگەر وەك پارتێکی کوردی و نەتەوەیی بیربکاتەوە، ئەوا ئەوە لەبەرچاو دەگرێت، کە دەرفەتی گەورە بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە، لە باشووری کوردستان دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دروست بووە، لە باکووریش دەرفەتی مەزن هاتەئاراوە، بەڵام لە دەستیان دا، لە رۆژهەڵاتیش دۆخێکی باش هاتەپێشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان خوازیاری دروستکردنی دەوڵەت نین، ئەوا دەستیاندایە دروستکردنی کانتۆن –خۆئەگەر فیدراڵییەتیش پیادەبکرایە ئەوا هەر دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەئارادا دەبوو، بەڵام ئەوان دەڵێن کانتۆن، چونکە نایانەوێت لە دەوڵەتی سووری جیاببینەوە و خوازیاری پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریان. دواتر ئێوە بڕوانن کاتێك پەکەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کانتۆنی دروستکرد، ئەوا تورکیا کاردانەوەی نەبوو، رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارانی تورکیا رایانگەیاند کە ئەوانە کانتۆنن و مایەی کێشە نین و یەکپارچەیی خاکی سووریا ناخاتە مەترسییەوە. بەڵام تورکیا کێشەی بۆ باشووری کوردستان دروستکرد، کە ئەوسا تورکیا پێی دەوت باکووری عێراق. ئێستاش ئەگەر ئێمە بێین و باسی شنگال بکەین، ئەوا پەکەکە دێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کانتۆن لە شنگال دروست دەکات، لە کاتێکدا ئەوان نەیانتوانیوە یەك گوند لە باکووری کوردستان ئازاد بکەن و بۆ ئەوەی ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن خۆسەری تێیدا پیادە بکەن، ئەمەش سیاسەتی ئێرانی لە پشتە، چونکە هەروەك دەزانن ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕی بە وەکالەت دەکات، ئەوەتا لە لوبنان حزبوڵا و لە یەمەن حوسییەکان و لێرە پەکەکەی هەیە. کەواتە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە سیاسەتی ئێران بۆ کورد زۆر مەترسیدارە، لەلایەکی دیکەوە ئێران دەیەوێت هیلالی شیعە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات. لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوە نییە کورد پێگەی خۆی هەبێت لەم ناوچەیەدا، ئیدی لە شێوەی دەوڵەتدا بێت، یان فیدراڵیدا، چونکە ئەمە بە مەترسی بۆ خۆی دەزانێت. هەروەها ئێران نەك هەر بەرەوپێشچوونێکی کورد بە هەڕەشە بۆ خۆی دەزانێت، بەڵکو خوازیاری تێکدانیشیەتی. هەروەها ئێوە بڕوانن، ئێران و پەکەکە تێڕوانینی هاوبەشیان هەیە، بۆ نموونە، ئێران لەگەڵ ئەوەدا نییە رژێمی دەسەڵاتداری سووری بڕووخێت، پەکەکەش هەمان هەڵوێستی هەیە، ئێران پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات، پەکەکەش بە هەمان شێوە. ئێران لەگەڵ بوونی ئاڵای کوردستاندا نییە، پەکەکەش ئەو ئاڵایە بە ئاڵای حزبێك دەزانێت. کەواتە ئێران و پەکەکە و سووریا بەرەی دژ بە گۆڕانکارین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر لە پەیوەندی بە پرسی شنگالەوە، ئەوا ئەمە کێشەیەکە لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا و پێویستە پەکەکە هاوکار بێت بۆ ئەوەی شنگال بگەڕێتەوەسەر

**پەکەکە پێشتر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خەبات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات و ئەگەر پارت و لایەنێکیش رایبگەیاندایە کار بۆ ئۆتۆنۆمی دەکات، ئەوا پەکەکە بە ناپاکی لە قەڵەمی دەدا، کەچی ئێستا دێت و رایدەگەیەنێت کە ئێمە خوازیاری دەوڵەت نین**

**ئەمریکا شەڕی داعشی کرد و نایەوێت پەکەکە کێشە دروست بکات، بەڵام ئەوە ئێران و حکومەتی شیعەی عێراقن کە خوازیاری مانەوەی پەکەکەن لە شنگال. چونکە حکومەتی بەغدا ناتوانێت شنگال بگرێت، لەبەر ئەوە دەیەوێت کێشە لە شنگال بەردەوام بێت**

**پەکەکە دێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کانتۆن لە شنگال دروست دەکات، لە کاتێکدا ئەوان نەیانتوانیوە یەک گوند لە باکووری کوردستان ئازاد بکەن و بۆ ئەوەی ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن خۆسەری تێیدا پیادە بکەن**

**ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕی بە وەکالەت دەکات، ئەوەتا لە لوبنان حزبوڵا و لە یەمەن حوسییەکان و لێرە پەکەکەی هەیە**

**لە باشوور کورد بە داواکردنی ئۆتۆنۆمی دەستی پێکرد، ئێستا داوای سەربەخۆیی دەکات، کەچی پەکەکە بە داواکردنی سەربەخۆیی دەستی پێکرد و ئێستاش داخوازییەکی دیاری کراوی نییە**

**پەکەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تاوەکو ئەمڕۆ دژایەتی رەوتی نەتەوەیی و مەلا مستەفای بارزانی کردووە، ئەمەش سەریکێشا بۆ دروستبوونی ناکۆکی و تەنانەت دروستبوونی شەڕ لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**گەوهەری کێشەکە ئەوەیە پەکەکە پێیوایە کوردایەتی لەگەڵ ئەودا دەستیپێکردو لە دوای ئەویش کوردایەتی ناکرێت. ئەگەر بپرسین کورد چیە لای پەکەکە، ئەوا ئەوان لایەنگرانی خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام لێکدژییەکە لەوەدایە کە ئەوان هەڵگری ئامانجی کوردایەتی نین و بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی نین**

هەرێمی کوردستان نەك لە شنگال کێشە دروست بکات. کەوابێت مانەوەی پەکەکە لە شنگال واتە بوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو ناوچەیەدا، بە هەمان شێوە بیانوو و پاساو دەداتە تورکیا بۆ ئەوەی دەستێوەردان لەو ناوچەیە بکات. دواتر ئەگەر پەکەکە بە راستی خواست و نیازی هاوکاریکردنی ئێزیدییەکانی شنگالی هەبووایە، ئەوا پێویست بوو چۆن دوای رزگارکردنی کۆبانێ پێشمەرگە رایگەیاند کە ئەگەر پێویستتان بە ئێمە نەماوە، ئەوا دەگەڕێینەوە، ئەوا پەکەکەش هەمان هەڵوێستی هەبووایە، چونکە ئێستا ئەوە شنگال لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازادکراوەو داعش تێکشکێندراوە لەو ناوچەیەو ئێستا پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، مەبەستمە بڵێم لێرە دەسەڵاتێکی شەرعی هەیە، دەبوو پەکەکە دوای رووداوەکە بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی رابگەیاندایە کە ئەرکی کوردایەتی خۆم بەجێهێنا و ئەگەر ئێستا پێویستتان بە من نەماوە، ئەوا من دەکشێمەوە. ئێستاش پێویستە بە گفتوگۆ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەوڵ لەگەڵ پەکەکەدا بدرێت و پێی رابگەیەندرێت کە ئەرکت تەواو بووە و بە سوپاسەوە دەڤەرەکە چۆڵ بکە. چونکە سەرۆك بارزانی رایگەیاندووە کە ناخوازێت شەڕی براکوژی دروست ببێتەوە. دواتر من باوەڕم وایە ئەمە تەنیا کێشەی نێوان پارتی و پەکەکە نییە، بەڵکو ئەمریکاش نایەوێت پەکەکە لەو ناوچەیەدا بمێنێتەوە. چونکە ئەمریکا شەڕی داعشی کرد و نایەوێت پەکەکە کێشە دروست بکات، بەڵام ئەوە ئێران و حکومەتی شیعەی عێراقن کە خوازیاری مانەوەی پەکەکەن لە شنگال. چونکە حکومەتی بەغدا ناتوانێت شنگال بگرێت، لەبەر ئەوە دەیەوێت کێشە لە شنگال بەردەوام بێت.

*** ئێستا دەوڵەتی کوردی وەکو دیفاکتۆ بووەتە واقیع و هەنگاوەکانی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیە دەڕوات؛ ئایا ئەگەر ئەو دەوڵەتە رابگەیەندرێت، یا پرۆسەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بەڕێوەبچێت، پەکەکە کە هێزێکی وەکالەتی دەزگا موخابەراتییەکانی ناوچەکەیە شەڕ بەهەرێمی کوردستان نافرۆشێت؟**

- گەلی باشووری کوردستان دەرفەتی دەرەکی و ناوخۆییان بۆ دروست بووە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، چونکە لەدوای شەڕی داعش هەلێکی مەزن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەیە. بوونی هەرێمێك کە توانی نەتەوەو ئایینە جیاجیاکان لەشەڕی داعش بپارێزێت ناوبانگێکی گەلێك مەزنی بەکوردان دا، ئەمەش لە رووی دیپلۆماسی و سیاسییەوە دەستکەوتێکی گەلێك مەزنی هێنایەئاراوە. ئێستا لە باشووری کوردستان دەرفەتی دروستبوونی و راگەیاندنی دەوڵەت هاتۆتەئاراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کێشەش هەن. لەگەڵ ئەوەشدا بە باوەڕی من پێویستە لەم کاتەدا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە هەلێکە بۆ ئەوەی میللەتی کورد گوزارشت لە ئیرادەی خۆی بکات و ئەمەش دەبێتە کارتێکی بەهێز بەدەست هەرێمی کوردستانەوە، ئەگەرچی مەرج نییە راستەوخۆ دوای ریفراندۆمەکە دەوڵەت رابگەیەندرێت، بەڵام پێویستە خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی دەوڵەت بەردەوام بێت. دواتر ئێمە دەبینین پەکەکە لە قەندیلەوە رایدەگەیەنێت کە ئەوان لەگەڵ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقن، لە کاتێکدا، لەباکوور هەدەپە دەبێژێت بەهەموو هێزی خۆی پشتگیری دەوڵەتی کوردستان دەکات. لەبەر ئەوە ئەگەر سەرجەم لایەن و پارتە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتدا بن، ئەوا پەکەکەش ناچارە هەنگاوی باشتر هەڵبگرێت. بەڵام لە ئێستادا بە هاوکاری ئێران و هەندێ لایەنی سیاسی لە باشووری کوردستان ئاڵۆزی بۆ پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دروست دەکات. ئەمە لە کاتێکدا پەکەکە پێشتر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خەبات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات و ئەگەر پارت و لایەنێکیش رایبگەیاندایە کار بۆ ئۆتۆنۆمی دەکات، ئەوا پەکەکە بە ناپاکی لە قەڵەمی دەدا، کەچی ئێستا دێت و رایدەگەیەنێت کە ئێمە خوازیاری دەوڵەت نین، چونکە دەوڵەت مەترسیدارە و ئێمەش دەڵێین خوازیاری دەوڵەتین و ئەوان بە ناپاکمان دەزانن.

*** باسی کوردانی باکووری کوردستانت کرد؛ وەکو ئاشکرایە پێشتر هەدەپە لەلایەن کوردەوە پاڵپشتییەکی زۆری لێکرا، دواتر بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕو سیاسەتە چەوتەکانی قەندیلەوە هەدەپەو کوردیش باجێکی قورسیان دایەوە، پرسیار ئەوەیە؛ تاکەی کوردی کوردستانی باکوور باجی ئەم هەڵە گەورانە بدەنەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە هەدەپە پەکەکە نییە؛ پەکەکە بزووتنەوەیەکی سەربازییە و خاوەن شەڕڤانە



و لە چیاکانە. لەکاتێکدا لە هەدەپەدا فرەیی هەیە و پارتێکی گەورەیە و پێکهاتەی جیاوازی لەخۆ گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر پەکەکە دەستێوەردانێکی زۆری نەکردایە، ئەوا سیاسەتی هەدەپە بە چەشنی ئەمڕۆ نەدەبوو، واتە ئەگەر لە بڕیارداندا هەندێ سەربەخۆ بوونایە، ئەوا ئەو هەڵانەی هەدەپەی کردنی، ئەنجامی نەدەدان. بەڵام سەرکردایەتی قەندیل نەیهێشت هەدەپە بە شێوەیەکی سەربەخۆ سیاسەت بکات. ئەحمەد تورك و عوسمان بایدەمیرو لەیلا زاناو گەلێك سەرکردەی دیکە هەن کە هەڵگری فیکری کوردایەتین، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی قەندیلەوە نەیانتوانی بڕیاری خۆیان بدەن. لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانیشدا، ئەگەر پەکەکە دەستێوەردانی نەکردایە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو هەدەپە و ئاك پارتی بگەیشتنایەتە ڕێککەوتن، بەڵام ئەوان رایانگەیاند کە ڕێککەوتن ناکەن، ئەوە بوو ٨٠ ئەندام پەرلەمان وەك لاشەیەکی مردوو لە دەستی هەدەپەدا مانەوە. واتە لە سەرەتادا ئەمە سەرکەوتنێك بوو بۆ هەدەپە، بەڵام دواتر بووە بارگرانی و کێشە بۆی. سەلاحەدین دەمیرتاش سیاسەتمەدارێکی تێگەیشتوو بوو، بەڵام ڕێگەی پێنەدرا بە هزر و بیرکردنەوەی خۆی سیاسەت بکات، چونکە بەردەوام قەندیل دەستێوەردانی دەکرد، هەروەها سەرۆك شارەوانییەکانیشیان بۆ بەرژەوەندیی کورد بەکار نەهێنا، بەڵکو خرانە خزمەتی قەندیلەوە. دواتر ئەوان هاتن و شەڕی خەندەقیان کرد، کە ئەمە شکستێکی گەورە بوو بە تێڕوانینی من، هەروەها ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین پێش شەڕی خەندەق و دوای ئەو شەڕە. چونکە ئەوان رایانگەیاند کە جەزیرە و سلۆپی و چەندین شوێنی دیکە بکەن بە کۆبانێی دووەم، بەڵام لە کۆبانێ داعش هەبوو، کە دوژمنی سەرجەم مرۆڤایەتی بوو و هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی لە دژی دروست بوو. واتە ئەو بەرخودانەی لە کۆبانێ هەبوو، هەموو جیهان و هەموو کورد پشتیوانییان دەکرد، خۆ راستە کۆبانێش وێران بوو، بەڵام کەس نەیوت بۆ وێران بوو، چونکە هۆکارەکەی هێرشەکانی داعش و شەڕی رزگارکردنی ئەو شارە بوو، باشە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ناوچە کوردییەکان ببێتە کۆبانێ، خۆ پێشتر تۆپ و تانك و فڕۆکە نەبوو کە ماڵی کورد وێران بکات، تا تو بێیت و بڵێیت من لە دژی ئەوان شەڕ دەکەم، بەڵکو شارێك بوو ژیان تێیدا ئاسایی بوو، دەنگدان و هەڵبژاردن هەبوو و هەدەپە ٨٠ ئەندام پەرلەمانی بەدەستهێنا، بەڵام لەبری ئەوەی سیاسەت بکەیت، کارێکت کرد ناوچە کوردییەکان وێران بوو و بە هەزاران گەنج کوژران و بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون.

# خوێندنەوەیەک بۆ راپرسییەکەی هەموارکردنی دەستوور لە تورکیا



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەو راپرسییەی تایبەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور کە لەم دواییەدا لە تورکیا بەڕێوەچوو، ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندیی پڕۆژەکەی حزبی فەرمانڕەوا (دادو گەشەپێدان) تەواو بوو، هەتا ئەگەر بە زۆرینەیەکی کەمیش بووبێت کە ٥١,٥٪ یە، بەمەش سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا لە پەرلەمانییەوە دەبێتە سەرۆکایەتی، هاوکات دەسەڵاتەکانی سەرۆك رەجەب تەیب ئۆردوغان بەهێزتر دەبن، رەنگە ئەمە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە تا ساڵی ٢٠٠٩ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەم ئەنجامە بووە مایەی توورەبوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەو وڵاتەدا، کە گومانیان لە ئەنجامەکە هەبوو و داوایان کرد هەڵوەشێتەوە.

زۆر کەس پێی وایە کە ئەنجامەکان بەو شێوەیەی کە سیستمی حوکمڕانیی لە پەرلەمانییەوە گۆڕی بۆ سەرۆکایەتی وەك زۆر وڵاتانی جیهان نموونەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو فەرەنسا، ئەوا لێکەوت و دەرهاویشەکانی زۆر خراپ دەبن بۆ ئایندەی تورکیا، بەمەش سەرۆك دەبێتە دیکتاتۆرێك و بە تەنیا وڵات بەڕێوەدەبات و بڕیارەکانیش بەپێی ئارەزوو بەرژەوەندیی خۆی دەردەکات، لێرەدا ئەو دیموکراسییە رێژەییەی کە لە وڵاتدا هەیە لەبەین دەچێت، بەڵام لەبەرامبەردا هەندێك وای بۆ دەچن کە ئەمە هیچ لە رەوشی تورکیا ناگۆڕێت، بەڵکو مەرکەزییەت لە بابەتی حوکمڕانی و ئیدارە زۆر گونجاوترە بۆ وڵاتێکی وەك تورکیا، کە بەدەست چەندین کێشە و قەیرانەوە دەناڵێنێت بە تایبەتیش مەترسیی تیرۆر و ململانێی مەزهەبی لەگەڵ بوونی کێشەی کورد کە بێ چارەسەر ماوەتەوە، ئەمە سەرباری هەندێ گرفت و کێشە لەگەڵ ئەوروپاداو کاریگەریی رەوشی سوریاو کاردانەوەی بۆ سەر ئەو وڵاتە.

من پێموایە کە گۆڕانکارییەکە لە شێوەی سیستەمی سیاسی زۆر بەو قووڵییە نییە، چونکە پێش راپرسییەکەش حزبی فەرمانڕەوای سەرۆك ئۆردوغان زۆرینەی پەرلەمانیی هەبوو بە هاوپەیمانیی لەگەڵ حزب و گرووپەکانی دیکەدا، دەشیتوانی هەموو بابەت و پرسەکان لە رێگەی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە تێپەڕێنێت، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی تەواوی سوپا و دەزگاکانی ئاسایش، هەروەها

ئۆردوغان خۆی خاوەن بڕیاری کۆتایی بوو لە هەموو پرسەکانداو بە ئاگاداری و سەرپەرشتیی ئەو ئەنجام دەدران، تەنانەت پێش کودەتاکەش هەر خۆی باڵادەست و بڕیاردەربووە.

لەلایەکی دیکەوە، چونکە حزبی فەرمانڕەوا و بە دەستپێشخەریی سەرۆکەکەی هەنگاوی بەرچاوی ناوە بە ئاراستەی چارەسەری پرسی کورد و ئەنجامدانی دیالۆگ لەگەڵ سەرۆکی پارتی کریکارانی کوردستان کە لە زینداندایە، بۆیە دەبینین کە دەرکەوت دیالۆگی (فیدان هاکان)ی بەڕێوبەری موخابەراتی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان ئەنجامی کۆنکریتیی هەبوو، بێ ئەوەی بەیەکجاری یەکلایی بکرێتەوە، نەخاسمە کە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق و بە تایبەتیش سەرۆك مسعود بارزانی ناوبژیی کرد لەسەر داوای هەردوولا، بۆیە دوور نییە بە حوکمی دەسەڵاتەکانی ئۆردوغان درزێك بخاتە دیواری قەیرانەکەوەو بڕیارگەلێك دەربکات لە بەرژەوەندیی چارەسەردا بێت، کە حکومەت ناتوانێت بە تێکڕا ئەمە بێنێتە دی، بە هۆی جیاوازیی بۆچوونی ئایدیۆلۆجیی نێوان سیاسەتوانانی تورك لەهەمبەر کورد و کێشەو مافەکانیان، ئەمە پێگەی سەرۆك بەهێزدەکات و خەڵکی کوردستانی تورکیا زیاتر رووی تێدەکەن، دوای ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت کە زۆرینەی خەڵکی ناوچە کوردییەکان بە بەڵێ دەنگیان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دا.

دیارە کاتێ کوردی تورکیا بەو شێوە بەرچاوە روویان لە سندوقی دەنگدان کرد و بە بەڵێ بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دەنگیان دا، بەڵگەی ئەوەیە کە لە رووی سیاسییەوە لە هەڵوێستەکانی حزبی فەرمانڕەوا رازین و لۆژیك و سیاسەت و رەفتارەکانی پەکەکە لەمەڕ کێشەی کورد لە تورکیا رەت دەکەنەوە، هاوکات لەهەمبەر هەڵوێستی گشتی بارودۆخی تورکیا و سیاسەتی وێرانکارەی بەرامبەر کوردی سوریاو کێشەی گەلی سوریا، هاوکات هەڵوێستی دوژمنکارانەی پەکەکە بەرامبەر سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی رێزدار مسعود بارزانی، وێڕای پەیوەندیی سەرکردایەتیی قەندیل بە ئەجیندای ئێران لە ناوچەکەدا.

تورکیا لایەنی سەرەکییە لە ململانێدا لە سوریاو ناوچەکە بەگشتی، ئەو لە پێشەوەی هاوپەیمانانی رۆژئاوادا دێت، هەتا بەرامبەر رژێمی سوریاو ئێران، بۆیە تەنیا بە بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك ئۆردوغان دەکرێ رۆڵی تورکیا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەهێزتر بکرێت، هەروەها پەوەیندیی تەلەفۆنیی سەرۆکی ئەمریکا بە سەرۆکی تورکیاوە بەڵگەیەکی دیارە، هاوکات بروسکەی شای سعودیە بەڵگەیەکی دیکەیە، بێ گومان هەڵوێستی گشتیی ئەوروپا لەهەمبەر رووداوەکەی تورکیا دوژمنانە نەبوو، هەرچەندە هەندێك لەو وڵاتانە سەرنج و تێبینییان هەبوو، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە مەرج نییە هەموو سیاسەتەکانی ئەوروپاو رۆژئاوا دروست و پەسند بن لە هەمبەر وڵاتانی رۆژهەڵات بە گشتی و تورکیا بە تایبەتی.

بەڵێ، هەندێ سەرنج هەن لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبی فەرمانڕەوا، تەنانەت مەترسی لە رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی، رەنگە ئەمە دوای هەموارکردنەوەی دەستوور دوو ئەوەندە بگرە زیاتریش بێت، لەبەر چەند هۆیەك دیارترینیان پەیوەندیی ئایدیۆلۆجیی ئەو حزبە بە رێکخراوی جیهانیی ئیخوان موسلمینەوە، هەرچەندە سەرۆك ئۆردوغان پێشتر لە سەردانێکیدا بۆ میسر و لەسەردەمی حوکمڕانیی ئیخوان موسلمین لە لێدوانێکیدا بۆ پەرلەمانی ئیخوان دووپاتی کردبۆوە کە دەوڵەتی تورکیا عەلمانییەو حکومەتەکەی ئیسلامییە و دەبێ ئیخوان موسلمینیش هەمان رێچکەی وڵاتەکەی ئەو بگرنەبەر، دیارە تا ئێستاش سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدان پابەندە بەو هەڵوێستەوە، نەك بە ویستی خۆی بەڵکو لەبەر چەند فاکتەرێکی بابەتی کە پەیوەستن بە پەروەردەو چەمکەکانی کۆمەڵگەی تورکیاو فرە نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، هەروەها بە ئەندامێتیی بەردەوامی بە ئەوروپا و ئابوورییەکەی کە لە بەشێکیدا پشت دەبەستێت بە گەشتیاریی، هاوکات لەناو هەمان ئەو حزبەدا کەسانێك هەن هیوادەخوازن حزبەکەیان هاوشێوەی حزبە دیموکراسییە مەسیحییەکان بێت لە ئەوروپا کە تەنیا بەناو مەسیحین و لە بیناکردنی دەوڵەتدا ئایین پەیڕەوناکەن.


**زۆر کەس پێیوایە کە ئەنجامەکان بەو شێوەیەی کە سیستمی حوکمڕانیی لە پەرلەمانییەوە گۆڕی بۆ سەرۆکایەتی وەک زۆر وڵاتانی جیهان، ئەوا لێکەوت و دەرهاویشەکانی زۆر خراپ دەبن بۆ ئایندەی تورکیا، بەمەش سەرۆک دەبێتە دیکتاتۆرێک و بە تەنیا وڵات بەڕێوەدەبات و بڕیارەکانیش بە پێی ئارەزوو بەرژەوەندیی خۆی دەردەکات**

**کاتێ کوردی تورکیا بەو شێوە بەرچاوە روویان لە سندوقی دەنگدان کرد و بە بەڵێ بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دەنگیان دا، بەڵگەی ئەوەیە کە لە رووی سیاسییەوە لە هەڵوێستەکانی حزبی فەرمانڕەوا رازین و لۆژیک و سیاسەت و رەفتارەکانی پەکەکە لەمەڕ کێشەی کورد لە تورکیا رەت دەکەنەوە**

**هەندێ سەرنج هەن لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبی فەرمانڕەوا، تەنانەت مەترسی لە رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی، رەنگە ئەمە دوای هەموارکردنەوەی دەستوور دوو ئەوەندە بگرە زیاتریش بێت، لەبەر چەند هۆیەک دیارترینیان پەیوەندیی ئایدیۆلۆجیی ئەو حزبە بە رێکخراوی جیهانیی ئیخوان موسلمینەوە**


# کردستان ١٣١٠

## رۆژنامەگەریی کوردی لەدوێنێدا هەندێ قسەی بۆ ئەمڕۆ کرد



عەبدولڕەحمان سدیق

## ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگا



د. ڕەشاد میران

# چەمکی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرجەستەبوونی...



ئاریان فەرەج

# ئەرک و پەیامی رۆژنامەگەری بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

ئەرکی رۆژنامەنووس و پەیامی رۆژنامەگەریی نەتەوەی بێ دەوڵەت، هێندەی ئاسمان و رێسمان جیاوازی لەگەڵ ئەرك و پەیامی رۆژنامەگەریی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت هەیە. هەروەها ئەرك و پەیامی رۆژنامەگەریی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت لە قۆناخی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوەشدا، دیسان هێندەی ئاسمان و رێسمان جیاوازی لەگەڵ ئەرکی رۆژنامەگەری لە دەوڵەتێکی سەقامگیری دیموکراتی و پێشکەوتوو هەیە. بۆیە کاتێك باس لەئەرك و پەیامی رۆژنامەگەری هەر دەوڵەت و نەتەوەیەك دەکەین، دەبێت ئەو قۆناخە زۆر بە لۆژیکانە دیاری بکەین کە ئەو نەتەوەیەی پێدا تێدەپەڕێت.

لێرەوە دەخوازم پێش ئەوەی بێمەسەر باسی کوردستان، ئاوڕێك لەو دەوڵەتانە بدەینەوە کە تازە دروست دەبن، یان لەقۆناخی وەرچەرخاندان لە سیستمی تۆتالیزمەوە بەرەو دیموکراتی، لەو روانگەیەوە ئەگەر سەیری هەموو ئەو دەوڵەتە تازانە بکەین کە لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتەوە دروست بوون، ئەوا دەبینین هەموویان هەوڵیانداوە لە سیستمی تۆتالیتارییەوە بەرەو دیموکراتی وەرچەرخان بکەن. هەروەها لەسەر ئاستی کرانەوە و رۆژنامەگەریشدا کەم تا زۆر هەر هەموویان هەوڵیانداوە شێوازی رۆژنامەگەریی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا کۆپی بکەنەوە، بەڵام هەر هەمووشیان لەو بوارە شکستیان هێناوە.

سەبارەت بە هۆکاری ئەم شکستە راپۆرتێکی UNDP کاتێك باس لە میدیای وڵاتانی پۆست کۆمونیست دەکات، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە دەڵێت: کاتێك ئەو دەوڵەتانە سەربەخۆ بوون، دەوڵەتانی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی زۆر هانی میدیای ئەو وڵاتانەیان دا، بەهەمان شێوازی میدیای رۆژئاوا کاری رۆژنامەگەری بکەن و بارودۆخی تایبەتی و هەستیاری قۆناخی راگواستنی وڵاتی خۆیان رەچاو نەکەن، بەڵام سەرەنجام چۆن کریستۆڤەر کۆلۆمبوس بەرنامەی دانا بۆ ئەوەی بەرەو رۆژئاوا بڕوات و رێگەیەکی نزیکتر بۆ هیندستان بدۆزێتەوە، بەڵام لە کیشوەرێکی تازە (ئەمریکای ئێستا) سەری دەرهێنا، ئەوا رۆژئاواش بەو نیازە پشتگیریی میدیای وڵاتانی پۆست کۆمونیستی کرد کە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی خێراتر بکات، بەڵام بووە هۆکاری ئەوەی ئاستەنگی گەورە بۆ چەسپاندنی دیموکراتی دروست بکات و گەوهەری میدیا و رۆژنامەگەری لە وڵاتانی پۆست کۆمونیست لە چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە گۆڕاوە بۆ پێچەوانەکەی و مانشێتی رۆژنامەکان بووە گازی پێکەنینهێن و ناوەرۆکی کار رۆژنامەگەری، لەبری ئەوەی گەیاندنی زانیاری بێت بۆ هاووڵاتی بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کارای پرۆسەی سیاسیی وڵاتەکەی بکات، گۆڕا بۆ قاچاخچێیەتێکی بێتام بە زانیاری هەڵەوە، بەمەش هاووڵاتی لە بەشداری کارای لە پرۆسەی سیاسی دوورخستەوە و لەسەر سندوقەکانی دەنگدانیش توانای هەڵبژاردنی بژارەیەکی باشی نییە کە بتوانێت کێشەکانی وڵات چارەسەر بکات.

ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك وڵات بە قۆناخی راگواستندا تێدەپەڕێت، دەبێت میدیاش وەك دەسەڵاتی چوارەم هاوشانی سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی وڵات جۆرێك لە پێکەوەڕۆیی (التواصل) دروست بکات، ئەگەر ئەم پێکەوەڕۆییەی هەرسێ دەسەڵاتەکەو میدیا دروست نەبێت، ئەوە سێ دەسەڵاتەکە بە رێگایەکدا دەڕوات و میدیاش بە رێگەیەکی دیکەدا، ئەمەش وادەکات کە رۆژ لەدوای رۆژ میدیا و دەسەڵات لەیەکتری دووربکەونەوە و جۆرێك لە پاشاگەردانی و

**پێش ئەوەی باسی گەندەڵی دارایی، یان دامەزراوەیی بکەین، دەبێت پەردە لەسەر رووی گەندەڵکارانی سیاسی هەڵبماڵین و ئەوانە دەستنیشان بکەین کە بە مەرامی سیاسی و بە دەست لە پشدانی ئەملاو ئەولا دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن**

**ئەگەر بمانەوێت هەموو پێکەوە جۆرێک لە پێکەوەڕۆیی (التواصل) بۆ ئامانجی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان دروست بکەین، ئەوا دەبێت لە هەنگاوهەڵگرتنی مەبەستدار بۆ گوشار خستنەسەر یەکتری دوور بکەوینەوە و هەوڵبدەین هەنگاوەکانی هەموو لایەکمان بێ مەرجانە بێت و تەنیا لە پێناوی لەیەکتری تێگەیشتن بێت بۆ ئامانجە گەورەکە کە لە ئازادی نەتەوەکەمان و سەربەخۆیی کوردستاندا رەنگ دەداتەوە**



لێکتێنەگەیشتن لە نێوان دەسەڵات و میدیا و خەڵك بێتەئاراوە، کە نەخەڵك و دەسەڵات ئیعتوبار بۆ قسەی میدیا دادەنێن، نە میدیاو خەڵکیش ئیعتوبار بۆ قسەی دەسەڵات دادەنێت، لە دوماهیشدا کێ باجی ئەم پاشا گەردانی و بێ سەروبەرییە دەدات، بێگومان خەڵك و ئایندەی دەوڵەتەکە.

لە قۆناخی نەتەوەی بێ دەوڵەتیشدا، کە حاڵەتێکی تایبەتە و کوردستان نموونەیەکی دیاری ئەم قۆناخەیە، ئەوا ئەرك و پەیامی ڕۆژنامەگەریی کورد هەردوو قۆناخی رزگاری نیشتمانی و جۆرێك لە خۆبەڕێوەبردنی لۆکاڵی بێ دەوڵەتی دەگرێتەوە، کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ دروست بووە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ڕۆژنامەگەریی ئازاد بە کۆرپە نازدارەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لە قەڵەم بدرێت و بە میکانیزمی دەستپێکی پاراستنی ئازادی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هەژمار کرابێت، ئەوا لە حاڵەتیکدا ئەگەر نەتەوەیەك خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت، یان خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی لە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بێت و دەوڵەتە فیدڕاڵییەکە دەسەڵاتە دەستوورییەکان بە حکومەتی هەرێمی ئەو نەتەوەیە ڕەوا نەبینێت، ئایا پەیام و ئەرکی ڕۆژنامەگەریی ئەو نەتەوەیە دەبێت چۆن بێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە وتەیەکی وەرگری خەڵاتی پۆلیتزر (تۆماس فریدمان) دەدەینەوە کە دەڵێت: «من بۆیە هاتمە ناو بواری ڕۆژنامەگەری لەبەر ئەوەی حەزم لێ بوو ببمە وەرگێڕ و ئینگلیزی بکەم بە ئینگلیزی، زۆر چێژ لە بابەتی قورس و ئاڵۆز وەردەگرم و خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی شەن و کەوی وردی بکەم، تا لەو بابەتە قورس و ئاڵۆزە تێدەگەم، پاشان هەوڵدەدەم هاوکاری خوێنەرەکانم بم، بۆ ئەوەی ئەوانیش باشتر لە واقیعەکە تێبگەن، ئەوجا ئەو بابەتە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، یان گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بێت، یان کێشەکانی جیهانگری، هەموویان بۆ من وەك یەکن و وەك یەك بایەخیان پێدەدەم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە من بڕوام بەوەیە دیموکراتیەتی ئێمە ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر دەنگدەری ئەمریکا تێبگات ئەم جیهانە چۆن هەڵدەسووڕێت، کاتێك تێگەیشت جیهان چۆن هەڵدەسووڕێت، ئەوکات بژارەی ئاقڵانەی دەبێت و کەمتر دەکەوێتە ژێر گوشار و کاریگەری سیاسەتی چەواشەکاری، یان ئایدیۆلۆژیەتی دەمارگیری و توندڕۆییەوە..».

لە درێژەی قسەکانیدا فریدمان ئاماژە بە قسەیەکی ماری کوری وەرگری خەڵاتی نوبڵی فیزیا دەکات کە گوتوویەتی: «ئەگەر لە کێشەکان و لەو قۆناخە تێگەیشتن کە تیایدا دەژین، هیچ شتێك نابێتە سەرچاوەی ترس و مەترسی، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین بۆ ئەوەی کەمتر لە کێشەکان بترسین.»

کەواتە ئەرك و پەیامی ڕۆژنامەگەری نەتەوەی بێ دەوڵەتی وەك کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە دەبێت ڕۆژنامەنووس وەرگێڕ بێت لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی کوردی، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت ڕۆژنامەنووس خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی بە باشی لەوە تێبگات، ئێستا نەتەوەکەی بەچ قۆناخێکدا تێدەپەڕێت، ئەو کێشەو مەترسییانە چین کە ڕووبەڕووی نەتەوە دەبنەوە، پاشان ببێتە هاوکار و یارمەتیدەری خوێنەرەکەی بۆ ئەوەی ئەوانیش باشتر تێبگەن و بژارەی ئاقڵانەیان هەبێت و نەکەونە ژێر گوشاری سیاسەتی چەواشەکارانە،

**ڕۆژنامەنووسی کوردستان ئەگەر هەوڵبدات لە واقیعی ئێستای کوردستان تێبگات، دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ڕێگەی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان و هەتا کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوا هەرگیز ناتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت**

**ئەرک و پەیامی ڕۆژنامەگەری نەتەوەی بێ دەوڵەتی وەک کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە دەبێت ڕۆژنامەنووس وەرگێڕ بێت لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی کوردی، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت ڕۆژنامەنووس خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی بە باشی لەوە تێبگات، ئێستا نەتەوەکەی بەچ قۆناخێکدا تێدەپەڕێت**

**کاتێک باس لەئەرک و پەیامی ڕۆژنامەگەریی هەر دەوڵەت و نەتەوەیەک دەکەین، دەبێت ئەو قۆناخە زۆر بە لۆژیکانە دیاری بکەین کە ئەو نەتەوەی پێدا تێدەپەڕێت**

یاخود ئایدیۆلۆژیەتی دەمارگیری و توندڕۆییەوە.

ڕۆژنامەنووسی کوردستان ئەگەر هەوڵبدات لە واقیعی ئێستای کوردستان تێبگات، دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ڕێگەی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان و هەتا کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوا هەرگیز ناتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت و وەرچەرخانی ڕیشەیی لە وڵاتدا دروست نابێت، بۆیە دەبێت ئەرك و پەیامی خۆی لەو خاڵەدا چڕبکاتەوە کە سەربەخۆیی و دەوڵەت تەنیا ڕێگەچارەیە بۆ ئایندەی ئازادیی کوردستان و بۆ ژێرخانی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و سەروەریی یاسا لەم وڵاتەدا.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە سەرهەڵدەدات، وەك چۆن ئێستا بەداخەوە هەندێك ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکار بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن، هاووڵاتی و خوێنەری خۆیان دەخەنە ژێر گوشاری سیاسەتی چەواشەکارانە، یان ئایدیۆلۆژیەتی دەمارگیری و توندڕۆیی و لە بری ئەوەی هاوکاری هاووڵاتی بن، بۆ ئەوەی باشتر لە بارودۆخەکە تێبگەن و یەکڕیزی و یەکدەنگی بۆ چارەسەرێکی ئاقڵانە دروست بکەن، کەچی بەداخەوە لەم بارودۆخەی ئێستادا دەپرسن: ئایا ئێمە دەوڵەتمان بۆ چییە لە کاتێکدا گەندەڵی بوونی هەیە؟ یان ئایا چۆن دەوڵەت لەسەر بناخەی گەندەڵی بونیاد دەنرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەو بە پشت بەستن بە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانەی لەهەردوو پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو دەوڵەت سەرکەتوو بوون، دەڵێم: دەبێت پێش ئەوەی باسی گەندەڵی دارایی، یان دامەزراوەیی بکەین، دەبێت پەردە لەسەر ڕووی گەندەڵکارانی سیاسی هەڵبماڵین و ئەوانە دەستنیشان بکەین کە بە مەرامی سیاسی و بە دەست لە پشدانی ئەملاو ئەولا دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

**کاتێک وڵات بە قۆناخی ڕاگواستندا تێدەپەڕێت، دەبێت میدیاش وەک دەسەڵاتی چوارەم هاوشانی سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی وڵات جۆرێک لە پێکەوەڕۆیی (التواصل) دروست بکات**

لەوانەیە لەسەر ئەم دێڕانە هەندێك ڕۆژنامەنووس بڵێن، ئەم قسەیە مانای ئەوەیە پشتگیریی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین لەبەر ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی هی پارتییەو بەمەش زەمینە خۆش دەکەین بۆ ئەوەی پارتی ببێتە دەسەڵاتێکی ڕەهاو کەس نەتوانێت بەرامبەری ڕابوەستێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بێگومان واقیعی سیاسی ئێستای کوردستان پێمان دەڵێت: پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بارێکی هێندە سووك نییە بەتەنیا پارتی بتوانێت شانی بداتەبەر، بۆیە لەکاتێکدا پارتی پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکان و یەکڕیزی گەلی کوردستان لەسەر ئەم پرسە هەیە، ئەوا کاتێك ئەرك و پەیامی ڕۆژنامەگەری کوردستان دەبێتە، پشتگیری و هاندانی سەربەخۆیی و دەبێتە هەوڵێك بۆ یەکخستنی گوتاری میللی کوردستانی بۆ ئامانجی دەوڵەتی کوردستان، ئەوا ئەم گوتارە میللییە یەکگرتووە خۆی دەبێتە باشترین گوشار لەسەر پارتی بۆ ئەوەی مەرجەکانی زەمینە ڕەخساندن بۆ سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان دابین بکات، لەمەش زیاتر ئەم گوتارە میللییە یەکگرتووە خۆی دەکاتە خاوەنی پرۆسەی سەربەخۆیی و پارتی پێش هەر لایەنێکی دیکە دەبێت لە بەر ڕۆشنایی ئەو گوتارە میللی و یەکگرتووەدا هەنگاو هەڵبگرێت.

لێرەوە ئەگەر ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی کوردستان بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینەوە، هەروەها بە جیاوازی ئەوەی ئەم گروپە ڕۆژنامەنووسی حزبین و ئەوانی دیکە بێلایەن و سەربەخۆن، هەموو پێکەوە لەسەر ئەو ڕاستییە تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەین و ئەگەر بمانەوێت هەموو پێکەوە جۆرێك لە پێکەوەڕۆیی (التواصل) بۆ ئامانجی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان دروست بکەین، ئەوا دەبێت لە هەنگاوهەڵگرتنی مەبەستدار بۆ گوشار خستنەسەر یەکتری دوور بکەوینەوە و هەوڵبدەین هەنگاوەکانی هەموو لایەکمان بێ مەرجانە بێت و تەنیا لە پێناوی لەیەکتری تێگەیشتن بێت بۆ ئامانجە گەورەکە کە لە ئازادی نەتەوەکەمان و سەربەخۆیی کوردستاندا ڕەنگ دەداتەوە. بەمەش هەم ڕۆژنامەگەری ئەرك و پەیامی خۆی لەم قۆناخەدا دیاری دەکات، هەمیش هەموو هێز و تواناکان بۆ ئامانجێکی نیشتمانی کۆدەکاتەوە.

# ڕۆژنامەگەریی کوردی لەدوێنێدا
# هەندێ قسەی بۆ ئەمڕۆ کرد



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

پێکەوەگرێدانی ئێستاو رابردوو هۆکارێکە بۆ پەندوەرگرتن و بەخۆداچوونەوە لەهەر بوارێکدا، ئێستاش لەیادی ١١٩ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا جێگەی خۆیەتی ئاوڕێکی کورت لەو رابردووە بدەینەوە بۆ زانینی ئەو راستییەی کە پێشینانمانیش وەك ئێمە لەخەمی زیندووڕاگرتنی دۆزی رەوای گەل و نەتەوەکەیان بوون.

بۆیە لەم یادەدا بەباشم زانی لە روانگەی گەڕان بەنێو تەنیا سێ ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەدا، تیشك بخەمە سەر سێ دۆزی زیندووی ئەوساو ئێستای گەلی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: دۆزی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

١- ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ژمارە ١٠٠ بەرواری (١٩٢٢/٣/٢٣) دا نووسراوە:

(بەشەر هەمووی لە عائیلەیەکە .. بەڵام ئێمە حەزدەکەین دراوسێ بین، نەك ژێرماڵە).

٢- لەژمارە ١١٤ بەرواری (١٩٢٢/٦/٢٩)ی ڕۆژنامەی پێشکەوتندا هاتووە کە

ئەحمەد حەمدی (١٨٩٤ - ١٩٦٩) لەژێر ناونیشانی: (بۆ تۆزی نووسین زۆر خوێندن لازمە) دەڵێت: (کوردستان نە متمم و نە ئەجزای عێراقە، وەتەنێك لەخارجی عێراقا بێ، میللەتێك کە لسان و عنصری لە عراقی نەچێ، دیارە نە ئەوە و نە لەوە).

دووەم : بواری چاکسازیی ئایینی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

١- لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)، کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە لە عێراقدا، لە ژمارە (٤) بەرواری (١٩١٨/١/١٢)دا دەڵێت:

(دیانەت جیایەو سیاسەت جیایە)

دیانەت: موسڵمانان هەموو یەکن ..چونکە ئیسلامییەت وا ئیقتیزا دەکا.

سیاسەت: ئەمما سیاسەت وانییە، چونکە هەر قەومێك بە نەزەر ئەو جێیەوە کە تێیدا دەژی، عادەتێك و خوڵقێك و زمانێکی هەیە کە لە هین قەومێکی تر ناکا.ئەمرۆ عەرەبیش حکومەتێکی تازەی لە مەککەی موبارەکەدا تەشکیل کرد، ئێمەش لەبەر ئەم حەقیقەتە دەڵێین: دیانەت جیایە و سیاسەت جیایە.

بەڵێ، ئەقوامە موسڵمانەکان هەموو خۆشەویستی یەکن، ئەمما هیچ کامێکیان بە قووەتی شیر نەبێ رئاسەتی خۆیان بەیەکتر رەوا نابینن.)

٢- لەژمارە (١٧٨)ی ڕۆژنامەی ژیان لەبەرواری (١٩٢٩/٦/٦)دا لەژێر ناونیشانی: (یالیت قومی یعلمون)دا دەڵێت:

(ئەم ئایەتە شەریفە وەکو بۆ مردووەکانی تکرار ئەکەینەوە پێویستە بۆ زیندووەکانیشمانی تکرار بکەینەوە، تاکو بزانن مەدەنییەت چۆن بەرزو بڵند بۆتەوە.

قسمێك لەبەشەر کە مەدەنیین چۆن بە قووەتی علم و فن رووی زەمین و تەبەقاتی هەواو سەتحی بەحرو الحاصل هەموو شتێکیان دۆزیوەتەوەو هێناویانەتە ژێر دەشتی خۆیانەوە. بەئیستڵاحێکی وازیح هەموو مشکلێك لای ئەوان ئاسان بووە، کەچی لەگەڵ ئەمەیشا ئەبینین دیسانەوە ئێمە هەموو شتێکی ئاسان بە مشکل ئەبینین.)

سێیەم: بواری یاساپارێزی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) وەك یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانیدا ئەم بابەتانە نووسراون:

١- ناوی سلێمانی: ژمارە ١٢ بەرواری ١٩٢٠/٧/١٥

(بۆ زانین: ناوی سلێمانی تا ئێستا لەدەفتەری رەسمیی بەغدا و جێگاکانی تر،(سلیمانیە)یان دەنووسی.

بەئەمری والی گۆڕدرا، ناوی رەسمیی لیوا وشار لەمەولا بە (سلێمانی) ناو دەبرێت و ئەنووسرێت.)

ئیمزا : حاکم سیاسی: مێجەر سۆن

٢- چوونە دائیرە: ژمارە ٦٠ بەروار ١٩٢١/٦/١٦

(بۆ زانین: لەمەوپێش بەیانیان لەسەعات ٩ی ئینگلیزییەوە مەئموران دەچوونە دائیرە، لە رۆژی ١٣ی جونەوە دوو سەعات پێش وختی جاران مەئموران دەبێت بچنە دائیرە. یەعنی بەیانیان لە سەعات ٧ی ئینگلیزی هەتا سەعات ١ی ئینگلیزی. بۆ هاوین بەم رەنگە دەوام یەگجار بەباش زانرا).

ئیمزا : حاکم سیاسی: مێجەر گۆڵد سمیس

٣- خەنجەر : ژمارە ٦٠ بەروار ١٩٢١/٦/١٦

(بۆ زانینی هەموو ئیعلان دەکرێت کە لەمەودوا خەنجەر بەقەدا کردن لەناو شاردا مەمنوعە. هەچ کەسێك بەپێی ئەم ئەمرە نەڕوا بەڕێوە، بە حەپس یا جەزا مەحکوم دەکرێت.)

ئیمزا : حاکم سیاسی: مێجەر گۆڵد سمیس

٤- عقد نیکاح : ژمارە ٦٩ بەرواری ١٩٢١/٨/١٨

(ئەگەر لەمەولا بەبێ ئیزننامەی مەحکەمەی شەرعیی عقد نیکاح ئیجرا بکرێ، ئەو کەسە کە عقدەکەی ئیجرا کردووە، ئەو کەسەش کە ژنەکەی لێ مارە کراوە، بە موافقی زەیلی ماددەی ٢٠٠ لەقانونی جزا تەجزیە ئەکری)

ئیمزا : (قازی سلێمانی: أحمد مختار)

٥- لە ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە ٨٥ بەرواری (١٩٢٧/١٠/١١) دا نووسراوە:

(مقرراتی محکمە: فەتاح کوڕی مستەفا هەڵەبجەیی لەسەر ئەوەی ژنێکی کوشتووە، بە ئیعدام محکوم کراوە.)

# ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگا

کۆمەڵگا پێکهاتووە لە چەندین دەزگای بنیادیی کە هەموویان پێکەوە ڕێکخستنێکیان دروستکردووە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی تیایدا- ئەو ڕێکخستنە پێی دەگوترێ «سستەمی کۆمەڵایەتی». ئەم سستەمەش بە شێوەیەکی ڕەها وەستاوە لەسەر پەیوەندیی یان پەیوەندییەکان لەنێوان تاکەکان و لەنێوان دەزگاکانی کۆمەڵگا، هەروەها لەگەڵ دەرەوەی کۆمەڵگاشدا؛ بۆیە لە کورتترین پێناسەدا هاتووە کە کۆمەڵگا بریتییە لە «پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان».


ئەم پەیوەندییانەش، وەکو گوتمان، فەراهەم دەبن بەڕێگای دەزگا کۆمەڵایەتی(فەرمی و نافەرمی)یەکانەوە* - هەر لە پەیوەندیی خوێنەوە( خێزان و خزمایەتی) بگرە تا دەزگاکانی پەروەردە، ئایینی، سیاسی، ڕاگەیاندن، کولتووری، جەنگی...

کەواتە ڕاگەیاندن یەکێکە لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و ئەرکی پەیوەندیکردن جێبەجێ دەکات و هەردوو شێوەی هەیە: فەرمی و نافەرمی...

ڕاگەیاندن لەگەڵ دروستبوونی سستەمی کۆمەڵایەتیدا بووە بۆ گەیاندنی پەیام و هەواڵ بە ئەوانی دیی، واتە پەیوەندیکردن، و گەشەیکردووە لە شێوە هەرە سادە و ساکارییەوە (جاڕدان و بانگدان) تا لە ڕەوتی مێژوویەکی درێژدا بوو بە دەزگایەکی فەرمیی دەسەڵات و دەوڵەتان.

ڕاگەیاندن، ئیمڕۆکە، گەیشتووە بە ئاستێک کاریگەریی لەسەر تەواوی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و تاکەکانی هەیە؛ زێدەڕۆیی نابێ بڵێین ڕاگەیاندن ژیان بەڕێوەدەبات. بەم بۆنەیەشەوە، یەکێک لە ناسناوەکانی قۆناغی ئێستا، لەپاڵ پۆستمۆدێرنیزم، ناوی» قۆناغی ڕاگەیاندن «ە؛ یان، وەکو پسپۆران دەڵێن، سیمای سەرەکیی ڕۆژگاری پۆستمۆدێرنیزم - زێدەبوونی دەور و کاریگەریی ڕاگەیاندنە.

ئێمەش، لە کۆمەڵگای کوردیدا، درک بەو دەور و کاریگەرییەی ڕاگەیاندن دەکەین و



**د. ڕەشاد میران**

بۆ گوڵان دەینووسێت

بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەمان پەیوەستە بەو دیاردەیەوە و تەنیا ئاماژەکردن بۆ تەلەڤزیۆن، مۆبایل و ئینتەرنێت ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ- ئەمە جگەلە ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕادیۆ، ڕیکلام و شێوازەکانیتری ڕاگەیاندن. لێرەدا، ئێمە ئەگەرچی ناتوانین کۆمەڵگای کوردی، لەبەر گەلێ هۆ و هۆکار و دیاردە، بە کۆمەڵگای قۆناغی پۆستمۆدێرنیزم لە قەڵەم بدەین، بەڵام ڕاگەیاندنی کوردی، بەم ڕۆڵ و کاریگەرییەی، دەکرێ وەکو نیشانەیەکی هەنگاونان بەرەو ئەم قۆناغە تەماشا بکەین...

ئەم بارە، دەزگای ڕاگەیاندن و میدیاکاران دەخاتە پێش ئەرکێکی پیرۆز و، لەهەمان کات، قورسیشەوە. لەلایەک ئەمە واتای کارکردنە لە بواری تێپەڕاندنی قۆناغێکی مێژوویی، لە کۆمەڵگایەکی نیمچە خێڵەکی و نیمچە دەرەبەگیی سیخناخ بە بەهای ئایینییەوە بەرەو ئاستێکی پێشکەوتووتر و نزیککردنەوەی لە کۆمەڵگایانی سەردەم- ئەمەش ئەرکێکی مێژووییە و مایەی شانازییە بۆ میدیاکاران... لەلایەکیتریشەوە، میدیاکاران خۆیان دەبێ لە ئاست ئەو ئەرک و قۆناغەدا بن، چونکە ئەمانیش ڕۆڵەی ئەم کۆمەڵگایە و بەرهەمی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەن، هەڵگری هەمان کولتوور و ستریۆتایپی باون؛ ئەمان کە کاردەکەن لەسەر بوارەکانی فیکر و هوشیاری و کولتوور، پێویستە بسەلمێنن کە لە خەڵک هوشیارتر و بەئاگاترن، نابێ تارمایی ستریۆتایپەکانیان بەسەرەوە دیاربن- ئەمەش ئەرکە هەرەقورسەکەیە، چونکە واتای گۆڕینی خوودی خۆی میدیاکار دەگەینێ.

ڕاگەیاندکاری، جگەلەوەی ماندووبوون و بزاوت و چالاکیی زۆری گەرەکە، هەروەهاش ڕووبەڕووی «کەللە ڕەقی»ی جەماوەر دەبێتەوە... چونکە جەماوەر، وەکو ڕایمۆند پاوەر دەڵێ، هەمیشە کۆنپارێزە و تاکەکانی بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێن کە لەگەڵ فیکر و بۆچوونیان دەگونجێن- بەزاندنی ئەو کەللە ڕەقییەش کارێکی تا ئەوپەڕی سەختە.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکی و

**گەشەپێدان تەنیا لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدا نییە، ئەگەرچی ئەم بەرپرسی یەکەمە، بەڵکو دەزگا کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکانیش دەبێ لەو ئەرکەدا هاوبەش بن، وەکو — خێزان، دەزگای ئایینی، دەزگا کولتووری و رۆشنبیرییەکان، راگەیاندن...**

هەرەگرنگەکانی ڕاگەیاندن، نواندنی دەور و کاریگەرییە لە پڕۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا...

گەشەپێدان، واتە چالاکیی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو لەپێناو چاککردن و بەرەوپێشبردنی بوار و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.

ئەم چالاکی و پلاندانانە بەپلەی یەکەم لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیی دایە کە بەرپرسی هەرەبالای سستەمی کۆمەڵایەتییە... بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵات پلان و ستراتیجیای تۆکمە دادەڕێژێ و کەرەستە و پێداویستییەکانی بۆ ئامادەدەکات؛ پێوەری لێهاتوویی و کارامەیی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لە جۆر و ئاستی ئەم پلان و ستراتیجیایە دایە کە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا دایناوون و کاریان پێدەکات.

گەشەپێدان، وەکو گوتمان، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەگرێتەوە؛ ئەوەش بێگومان نە تەنیا لایەنی ماددی (وەکو : بیناکاری، کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی و کەلوپەل و...) بەڵکو، هەروەها، بوار و لایەنەکانی مەعنەوی و نامادديش لەخۆ دەگرێ — ئەمەش کارە هەرە ئاڵۆز و سەختەکەیە.

لایەنی مەعنەوی، واتە پەروەردە و کولتوور و کەسایەتی؛ پەروەردەی زانستی، کولتوورێکی پڕ بەهای یەکسانی و مرۆڤپەروەرانەی هاوچەرخ، کەسایەتیی تەندروست و بەهێزی تاکەکان — ئەمانە کۆڵەگەی کۆمەڵگای گەشەسەندوو و پێشکەوتوون.

لایەنی ماددی هەرچەندە دەوڵەمەند و «گەشەسەندوو» بێت، ڕەنگدانەوەی نەبێت لەسەر لایەنی مەعنەویی تاکەکان و بوارە کولتوورییەکان، ئەوا پڕۆسەی گەشەپێدان نەك هەر بە ناکاملی دەمێنێتەوە، بگرە کۆمەڵێك کێشە و گرفتی تازەی کۆمەڵایەتیی بەدوادا دێن. بۆیە گرنگە، زۆر گرنگە، پڕۆسەکە گەشەپێدانێکی هاوسەنگ بێت — لایەنەکانی ماددی و مەعنەوی پێکەوە بگرێتەوە.

گەشەپێدان تەنیا لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدا نییە، ئەگەرچی ئەم بەرپرسی یەکەمە، بەڵکو دەزگا کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکانیش دەبێ لەو ئەرکەدا هاوبەش بن، وەکو — خێزان، دەزگای ئایینی، دەزگا کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان، ڕاگەیاندن...

ڕاگەیاندن کە کار لەسەر فیکر و هوشیاریی دەکات، بێگومان گەشەپێدانی لایەنی مەعنەویی مرۆڤ دەبێتە ئامانجە سەرەکییەکەی : بە هەواڵ و زانیاری، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەکانی- ئاستی هوشیاریی تاکەکان بەرزدەکات؛ لەهەمان کات بە ورووژاندن و دەسنیشانکردنی ناتەواوی و کورتهێنان و کێشەکانی پڕۆسەی گەشەپێدان دەسەڵات لە کەموکوڕییەکان ئاگاداردەکاتەوە. کەواتە ڕاگەیاندن ئامرازێکی کارا و کاریگەری پڕۆسەی گەشەپێدانە.

ڕاگەیاندن، زێتریش مەبەست نافەرمییە، بەهۆی ئەوەوە کە توانا و دەسەڵاتی ماددیی

**ڕاگەیاندکاری، جگەلەوەی ماندووبوون و بزاوت و چالاکیی زۆری گەرەکە، هەروەهاش ڕووبەڕووی «کەللە ڕەقی»ی جەماوەر دەبێتەوە... چونکە جەماوەر، وەکو ڕایمۆند پاوەر دەڵێ، هەمیشە کۆنپارێزە و تاکەکانی بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێن کە لەگەڵ فیکر و بۆچوونیان دەگونجێن- بەزاندنی ئەو کەللە ڕەقییەش کارێکی تا ئەوپەڕی سەختە**



سنووردار یان هەر نییە، بۆیە چالاکییەکانی خۆی چڕدەکاتەوە سەر بوار و لایەنەکانی مەعنەویی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتیش هەوڵدان بۆ وروژاندن و چالاککردنی زۆر لە بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کە، لەبەر هەر هۆیەك بێ، کز و سست بووین، وەکو : بەهای کارکردن، هاوکاری و پاڵپشتیکردن، چاکە و یارمەتیدان، یەکسانی...

ئەو ئەرک و ئامانجەی ڕاگەیاندن و میدیاکاران لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەتایبەتیش ئیمڕۆکە، گەلێ سەخت و دژوارتر دەبێ کاتێک دەبینین دەزگا فەرمییەکانی سیاسی، ئایینی، پەروەردە تەندروستی... لە ئەوپەڕیی کزی و لاوازی دان و ئەرکەکانی خۆیان وەکو پێویست جێبەجێ ناکەن. بۆیە دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە کاتێک دەبینین دەزگایەکی ڕاگەیاندن بابەتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەورووژێنێ و گفتوگۆیان لەسەر سازدەکا.

بەڵام دەبێ وێناکردنمان بۆ لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری فراوانتر و زانستیانەتر بکەین- بابەتە کۆمەڵایەتییەکان چڕنەکینەوە تەنیا لە خۆکوشتن و تەڵاقدان و سولحی عەشایری، کولتووریش بریتیی نییە تەنیا لە هونەر و موزیک و هەڵپەرکێ...

هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، خێزان و پەیوەندییەکان سستەمی کۆمەڵایەتیی پێکدێنن- چاکسازیی لە تەواوی سستەمەکە نەکرێ، گرفت و کێشەکانی ئەم بوارانە بەردەوام و گەورەتر دەبن...

کولتوور واتە شێوازی ژیان، ئەوە کە ژیانی ئێمەی بەم شێوەیە داناوە- سیاسەتمان، ئایینمان، ئابووریمان، هەڵسوکەوتمان... هەمووی کولتوور دایڕشتوون.

کولتووری سیاسی لە هەموو وڵات و کۆمەڵگایەکدا هەیە، بەڵام لەوە گرنگتر سیاسەتی کولتوورییە کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بە مەبەستی پەرەپێدانی کولتووری کۆمەڵگا- ئەوەش مخابن لای ئێمە هێشتا بزرە... خۆزگە ڕاگەیاندن لەم بوارەشدا جێپەنجەکانی نەخش دەکرد.

* ئەم دەزگایانە دوو جۆرن : فەرمی و نافەرمی... جۆری یەکەم هەموو ئەو دەزگایانە دەگرێتەوە کە دەسەڵات یان سستەمی سیاسی دایمەزراندوون بە مەبەستی بەرجەستەکردنی دسەڵات و جێبەجێکردنی پلان و ئامانجەکانی- وەکو دەزگاکانی : پەروەدە، تەندروستی، ئایینی، زانستی، ڕاگەیاندن، جەنگی، هونەری و کولتووری... هەرچی نافەرمییەکانن، دەزگا ڕەسەن و خۆڕسکەکانن، ئەوانەی کرۆکی سستەمی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و شێوازی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا دادەڕێژن، وەکو دەزگاکانی: خێزان، خزمایەتی، دەسەڵات، ئایینی، چەکداری...

**کولتووری سیاسی لە هەموو وڵات و کۆمەڵگایەکدا هەیە، بەڵام لەوە گرنگتر سیاسەتی کولتوورییە کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بە مەبەستی پەرەپێدانی کولتووری کۆمەڵگا- ئەووش مخابن لای ئێمە هێشتا بزرە... خۆزگە ڕاگەیاندن لەم بوارەشدا جێپەنجەکانی نەخش دەکرد**

**ئەو ئەرک و ئامانجەی ڕاگەیاندن و میدیاکاران لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەتایبەتیش ئیمڕۆکە، گەلێ سەخت و دژوارتر دەبێ کاتێک دەبینین دەزگا فەرمییەکانی سیاسی، ئایینی، پەروەردە تەندروستی... لە ئەوپەڕیی کزی و لاوازی دان و ئەرکەکانی خۆیان وەکو پێویست جێبەجێ ناکەن**



# چەمکی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرجەستەبوونی لە میدیای کوردیدا

ڕەنگە پرۆسەی ڕێکخستنی هیچ دامەزراوەو کایەیەکی کۆمەڵگەیی، لەسیستمە کراوە و دیموکراسەکاندا، هێندەی ڕێکخستنی میدیا، سەخت و ئاڵۆز نەبێت. لە نێوان کۆمەڵگە و حکومەت و میدیادا، تەنانەت لە نێوان میدیا و زۆر لە دامەزراوە کۆمەڵگەییەکانی دیکەدا هەمیشە مشتومڕ و هەنجەت لێکدی گرتن و جۆرێك لە ناتەبایی هەیە، هەر بۆیەش میدیاکاران پیشەکەی خۆیان بە پیشەی سەرئێشە ناودەبەن و حکومەت و کەرتەکانی کۆمەڵگەش زۆربەی جار میدیا بە بێزارکەر و کارلێتێکدەر دەبینن.

ڕەنگە جگە لە کایەی میدیا، هیچ کایەیەکی دیکەی کۆمەڵگە، هاوشانی یاسا پێویستیی بە هۆکاری دیکەی زەبت و ڕێکخستن نەبێت. ئەوە تەنیا میدیایە لە تەجروبەی وڵاتان و گەلاندا نەتوانراوە تەنیا بە زەبری یاسا چوارچێوەی بۆ دیاری بکرێت و پەنا بردراوەتە بەر میکانیزم و هۆکاری دیکەش بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارە، لەوانە دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا و سپاردنی بەشێك لە ئەرکی ڕێکخستنی بوارەکە بە سەندیکای میدیاکاران، هەروەها نووسینەوەی بەڵێننامەکانی شەرەف و ئیتیکی کاری میدیایی و پابەندکردنی میدیاکاران پێیانەوە و دواجاریش هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی (بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی) لەنێو میدیاکاراندا وەك چوارچێوەیەکی دیکەی ئاکاریی بە هەمان مەبەستی ڕێکخستنی بوارەکە.

چەمکی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا لە کایەی ئابووری و بەتایبەتی لە کایەی بازاڕی ئازادەوە بۆ کایەی میدیا گوێزراوەتەوە.

ڕەنگە سادەترین پێناسە بۆ ئەم چەمکە لە کایەی ئابووریدا لەم پرسیار و وەڵامانەی خوارەوەدا بەرجەستە ببێت.

لە بازاڕی ئازاد و قۆرغنەکراودا، هەر کەس بۆی هەیە لە ڕێی بەگەڕخستنی سەرمایەکەیەوە قازانج بەدەست بێنێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە:

ئایا ئەو قازانجەی بەدەست دێت، تەنیا بەرهەمی سەرمایەیە؟ ئایا سەرمایە بە بێ ژینگەی لەبار بۆ بەگەڕخستنی، قازانج وەبەردێنێ؟ ئایا ئەو ژینگەیە جگە لە دەوڵەت و دامەزراوە گشتییەکانی و کۆمەڵگە کێ



## ئاریان فەرەج

بۆ گوڵان دەینووسێت

فەراهەمی دەکات؟ ئایا سەرمایەگوزاری پێویستی بە کارمەندی پسپۆڕ و لێزانی لۆکاڵیی نییە؟ ئایا ئەو پسپۆڕ و کارزانانە جگە لە کایەی گشتیی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە حکومەت ئیدارەی دەدات، لە کوێ ئامادە دەکرێن؟ ئایا کرێکاری لەش ساغ و تەندروستی ناوێت؟ ئەو تەندروستی و لەشساغییە جگە لە دامەزراوەی تەندروستی کە حکومەت مەسرەف کێشێتی، کێ دابینی دەکات؟ ئایا زەمینەیەکی ئەمنیی ئارامی ناوێت کە بێ ترس سەرمایەکە تێدا بەگەڕبخرێت؟ ئایا ئەو ئەمنییەتە دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت نین کە دەستەبەری دەکەن؟ ئایا یاسا و ڕێسایەکی ئاسانکار و هاندەری ناوێت کە متمانە بداتە سەرمایەگوزاری؟ ئایا ئەو زەمینەسازییە یاساییە کۆمەڵگە و حکومەت نین کە دابینی دەکەن؟ئایا سەرمایەبەگەڕخستن سەقامگیرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەباری ناوێت؟ ئایا ئەوەی بەرپرسە لە دابینکردنی ئەو سەقامگیرییە، حکومەت و کایەی سیاسی نییە؟ ئایا بازاڕ و کڕیاری گیرفان گەرمی ناوێت بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکان؟ ئایا ئەوەی بازاڕ و ئابووری ڕێکدەخات و بازاڕگەرمیی دابین دەکات، حکومەت و دەزگا بەرپرسەکانی و سیاسەتەکانی نین؟

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئایا سەرمایەدار بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، بۆی هەیە هەموو ڕێکارێك بگرێتەبەر؟ بۆی هەیە گوێ بە ژینگە نەدات، کارگە و سەنعەت و پرۆژەکانی زیانبەخش بن بۆ تەندروستیی گشتی، یان لە بوارگەلێکدا وەبەرهێنان بکات کە لەگەڵ کەلتوور و باوەڕ و بەهاکانی کۆمەڵگە تێکنەکاتەوە؟ ئایا بۆی هەیە هەرچی کەرەستەی خاوی وڵاتە بەرکاری بخات و هیچ بۆ نەوەکانی داهاتوو نەمێنێتەوە؟ ئایا بۆی هەیە لە پێناو قازانجی زۆرتر، کاڵای خراپ و ساختەکارانە بەرهەم بێنێ و مافی بەکاربەر بخوات؟

لە سەرینی ئەم پرسیار و وەڵامانەوە، پرسیارێکی سەرەکی و کۆکەرەوە دێتەئاراوە: ئایا کۆمەڵگە و حکومەت بە تەنێ بەرپرسیارن لە دابینکردنی زەمینە و پێداویستییەکانی سەرمایەگوزارییەکی سەرکەوتووی بێ سەرئێشەی گەرەنتیکراو، بێ ئەوەی هیچ ئەرك و بەرپرسیارییەك بکەوێتە سەرشانی سەرمایەداران. ئایا تەنیا سەرمایەت

هەبێ کافییە بۆ ئەوەی سوود و قازانج بە مافی خۆت بزانی و هیچ پابەندییەکت لە ئەستۆ نەبێ؟

چەمك و تیۆریی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی لە وەڵامی ئەم پرسیارگەلەدا دوو پرەنسیپی سەرەکی دەکاتە ئیلتیزام و ئەرك بۆ سەرمایەگوزاران:

- سەرمایەدار لە سایەی سەرمایەکەی مافی رەوای خۆیەتی سوود و قازانج بەدەست بێنێ، بەڵام کاتێك ئەو سوودوەرگرتنە ببێتە مایەی زیانگەیاندن بە کۆمەڵگە و لەسەر حیسابی ژینگە و کەلتوور و بەرژەوەندیە گشتییەکانی کۆمەڵگە و وڵات و مافە رەواکانی خەڵك بێت، رەوایەتی لەدەست دەدات، چونکە لەگەڵ رەوایەتییەکی دیکەدا بەریەککەوتنی بۆ دروست دەبێ.

- مادام سەرمایەدار لەو زەمینە ساز و لە بارە و لە سایەی ئەو هەلو مەرجەدا کە کۆمەڵگە و دەوڵەت و دامەزراوەکانی فەراهەمیان کردووە، دەتوانێ سەرمایەگوزاری و قازانج بکات، دەبێ دەسباری حکومەت بێ و بە پێی قەبارەی سەرمایە و چالاکی و قازانجەکەی بەشدار بێت لەو پرۆسەی تەنمییە گشتییەدا کە حکومەت شانی دەداتە بەر. بۆ نمونە دەبێ لە گەشەپێدانی خوێندن و باشترکردنی باری تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا دەسباری بەشە ئەرکێك بگرێتە ئەستۆ. بۆ نموونە دەبێ بەشدار بێ لە دروستکردنی قوتابخانە و زانکۆکاندا تا دواجار لە رێی ئەو دەزگایانەوە کادری پسپۆڕ و کارزانی لۆکاڵیی بەدەست کەوێت.

کاتێ ئەم چەمکە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو کایەی میدیا، هەمان پرەنسیپ و پرسیارگەل دێنە ئاراوە.

ئازادیی کاری میدیایی ئەو سەرمایە و دەستمایە رەوا و بەدەستهاتووەیە کە میدیاکار هەیەتی. دەتوانێ لە سایەی ئەو سەرمایە مەعنەوییەدا ئازادانە هەڵسووڕێ و سەرمایەگوزاریی میدیایی بکات. هەر رێگرییەك لە مومارەسەکردنی ئەم مافە بەرتەسککردنەوە و رێگرییە لە مافێکی رەوای بێ چەند و چوون.

بەڵام ئایا ئەو مافە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، یان تەفویز و سەرپشکییەکی میللییەو کۆمەڵگە لە رێی یاسا پەسەندکراوەکانیەوە بە رۆژنامەنوسانی داوە و هەرکات بە زیانی خۆی بەکارهات، دەتوانێ موراجەعەی بکاتەوە؟

ئایا ئەو مافە لە زەمینەیەکی لەبار و پشتیوانیکراو و ئاسانکاردا نەبێ، دەکرێ مومارەسە بکرێت، لە نیشتمانێکی ئەمینی پارێزراوی سەقامگرتووی دامەزراوەیی دوور لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆیی و تەنگ پێهەڵچنین و رێگریدا نەبێ، دەکرێ بێ سەرئێشە و ئازادانە مومارەسە بکرێت؟

ئایا میدیاکار تەنیا لە سایەی (ئازادی)دا وەك سەرمایەیەکی مەعنەوی، بە بێ زەمینە و هەلومەرجی لەبار و ئاسانکار، کاری خۆی پێدەکرێ و پەیام و مەبەستی خۆی دەپێکێ و بێ منەتە لەوەی لە وڵات چی دەگوزەرێ و هیچ پەیوەندی بەو نییە؟

ئایا وەك هەر پیشەکار و خاوەن پرۆژە و مەبەستێك، بەرژەوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا تێکناکاتەوە کە لە سەقامگیریی و ئارامیی سیاسی و ئەمنی و ئیداری و تەبایی کۆمەڵگەییدا خۆی دەنوێنێ؟

هەر کۆمەڵگەیەك لە کەرت و کۆمەڵان و گروپی جیا جیا پێکدێت، هەر یەك لەوان دەکرێ ئامانج و بەرژەوەندی و ویستی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام کۆی ئەو ئامانجە لاوەکی و فیئەوییانە لە چوارچێوەی ئامانجێکی گشتگیردا جێ بۆخۆیان دەکەنەوە کە پێی دەگوترێت ئامانجی گشتیی کۆمەڵگە. لە راستیدا ئەوەی تاك و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە یەك کۆمەڵگەدا کۆدەکاتەوە، زمان و مێژوو، کەلتوور و ناسنامە و خاکی هاوبەش نییە وەك مێژووناسان و جوگرافیاناسان باسی دەکەن. بەڵکو لە بنەڕەتدا ئامانجی هاوبەشە. هیچ کۆمەڵگەیەك نییە ئامانجی هاوبەشی نەبێت کە گوزارشت لە بەرژەوەندیی هاوبەش و شەریکایەتی هەمووان دەکات.

پابەندنەبوونی هەمووان بە ئامانجی هاوبەش، بنەما ئەساسییەکەی کۆمەڵگە هەڵدەتەکێنێ کە بریتییە لە تەماسوك و یەکانگیریی کۆمەڵگەیی. ئایا میدیاکار دەتوانێ بە پێچەوانەی ئەم ئامانجە گشتییە کاربکات و بەهانەکەی (ئازادی) بێت؟

کێشەکە هەرگیز ئەوە نییە میدیاکار بۆ چ مەبەستێك هەڵدەسووڕێ، قازانجی ماددی رەوایە، پرۆژاگەندە بۆ هەر بیر و ڕایەکی سیاسی یان هەر فکر و ئایدیا و دنیابینییەك کە یاسا ئیجازەی دابێ رەوایە. میدیا بەسەر (حزبی و حکوومی و ئەهلی)دا پۆلێن ناکرێ. هەموو ئەو جوهدە میدیاییانە لە چوارچێوەی مافی تەعبیرلەخۆکردن و ئازادی دەربڕیندا جێیان دەبێتەوە و رەوان. بۆشیان

**هیچ دەزگایەکی میدیایی بۆی نییە لە پێناو قازانجی ماددیی زیاتر، یان رەواجی زۆرتر بۆ بیر و رایەکەی درۆ و بوختان و ناڕاستی بڵاوبکاتەوە، یان ئەو ئامرازانە بەکار بێنێ کە یاسا و ئیتیک و ئەخلاقییاتی پیشەکە قەدەغەی کردووە**

**بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی لە میدیاکاران دەخوازێ پابەندی یاسا و بەڵێنامەکانی شەرەف و ئیتیکی کار و پرەنسیپەکانی پیشەکە و پاراستنی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی و ئامانجی گشتی بن لە هەر زیان و ئازارێک کە بە هۆی ئەوانەوە پێی بگات**

**لە ئاستی کوردستان و ئەو هەرێمەی ئێمەدا ئامانجی سەرەکی و گشتیی کۆمەڵگە لە ئێستادا تێپەڕاندنی حاڵەتی چەقبەستن و بێ ناسنامەیی و ناڕۆشنییە بەرەو واقعێکی رۆشنتری ئایندە دیاری سەقامگرتوو**

نییە تانە لە یەکدی بدەن. یەکیان خۆی بە باش و ئەوانی دیکە بە خراپ بزانێ. پێوەر ئەوە نییە. پێوەر ئاستی ئیلتزامی هەر میدیاکار و دەزگایەکی میدیاییە بە بەرپرسیاریی کۆمەڵگەیی.

بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی میدیاکاران لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لەوەی (کاتێ میدیاکار لە سایەی ئازادییەکی فەراهەمدا بۆ پێکانی ئامانجی خۆی هەڵدەسوورێ، دەبێ لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا بەریەککەوتنی بۆ دروست نەبێ، ئامانجەکەی خۆی لەسەر حیسابی ئامانجی گشتیی کۆمەڵگە دەستەبەر نەکا. دەنا رەوایی لە ئامانجە رەواکەی خۆی دەستێنێتەوە، میدیاکار وەك چۆن بەرپرسیارە بەرامبەر خاوەنی دەزگاکەی، یان سەرنووسەر و بەڕێوبەرەکەی و دەبێ فرمانەکانی جێبەجێ بکات، ئەوهاش بەرپرسە بەرامبەر کۆمەڵگەو دەبێ بەرژەوەندییەکانی رەچاو بکات).

میدیاکار و دەزگای میدیایی دەبێ لەوە دڵنیا بێت کە ئەو بەشێکە لە نەسیجی گشتیی کۆمەڵگە و وەك هەر دامەزراوەیەکی دیکە لە نەسەقێکی بەیەکداچووی هاوچارەنووسدایە لەگەڵ کۆی کۆمەڵگە. ناتوانێ بێمنەت لەوەی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە لە چ بارێکدان و روویان لە کوێیە، لە کاری خۆی بەردەوام بێت. میدیا لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا ناژی.

لە ئاستی کوردستان و ئەو هەرێمەی ئێمەدا ئامانجی سەرەکی و گشتیی کۆمەڵگە لە ئێستادا تێپەڕاندنی حاڵەتی چەقبەستن و بێ ناسنامەیی و نارۆشنییە بەرەو واقعێکی رۆشنتری ئایندە دیاری سەقامگرتوو. ئەم دۆخە نادیار و قەلەقە (وجود و مان و نان و ژیانی خستووینە مەترسییەوە) شەڕ و نانبڕین و هەڕەشەی سیاسی ئیقلیمی و تەگەرەنانەوەی نێوخۆیی و جۆرەها گرفتی بۆ دروست کردووین. هەمومان پێوەی گیرۆدەین، نەك کەرت و فیئەتێك بە تەنیا. کەواتە بەرژەوەندیی هەمووومان لە تێپەڕاندنی ئەم حاڵەتەدایە، کەواتە ئەو تێپەڕاندنە دەبێتە ئامانجی گشتی کۆمەڵگەی ئێمە لەم ئان و ساتەدا. ناکرێ میدیاکاران بەشێك نەبن لە خەباتکارانی گەیشتن بەو ئامانجە.

ئەم ئامانجە گشتییە دەبێ کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە نەسەقێکی مونسەجیم و هەماهەنگدا کۆبکاتەوە. سەرچیخ چوون و لادانی هەر دامەزراوێك ئیرتباك و سەرلێشێوان لە ئاراستەی گشتی کۆمەڵگەدا دێنێتەئاراوە.

(ناکرێ دامەزراوەی پەروەردەیی بە فەلسەفەیەك کاربکات کە لەگەڵ فەلسەفەی دامەزراوەی سیاسی و حوکمڕانی دژ بێت. ناکرێ دامەزراوەی میدیایی بە جۆرێك هەڵسووڕێت کە کار لە دامەزراوەی ئەمنی و سەربازی تێکبدات.)

سۆسیۆلۆجیستەکان دەڵێن هەرکاتێ دامەزراوەکانی کۆمەڵگە پێچەوانەی یەکدی رێیان گرتەبەر، مەترسیی جددی لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. بیرمەندانی تیۆریی (بینائی وەزیفی) کە لەبارترین تیۆرییە بۆ دیاریکردنی ئەرکی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە قەیرانبار و ئینتیقالییەکاندا ئەم هەمانگییە بە مەرجی تێپەڕاندنی قەیران دەزانن.

به کورتی:

ئازادیی کاری میدیایی وەك هەر سەرمایەگوزارییەکی دیکە لە کۆمەڵگەی قۆرغنەکراودا مافێکی موکتەسەب و بەدەستهاتووە. بەڵام مافێکی ئیلاهی نییە و تەفویزێکی میللییە و قابیلی نوێ نەکردنەوە و کەم و زیاد کردنە.

بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی لە میدیاکاران دەخوازێ پابەندی یاسا و بەڵێنامەکانی شەرەف و ئیتیکی کار و پرەنسیپەکانی پیشەکە و پاراستنی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی و ئامانجی گشتی بن لە هەر زیان و ئازارێك کە بە هۆی ئەوانەوە پێی بگات.

دەزگای میدیایی بۆ هەر مەبەستێك کاربکات رەوایە، قازانجی ماددی، یان پرۆپاگەندە بۆ هەر فکر و ئایدیایەکی ئیجازەدراو، بەڵام هیچ دەزگایەکی میدیایی بۆی نییە لە پێناو قازانجی ماددیی زیاتر، یان رەواجی زۆرتر بۆ بیر و رایەکەی درۆ و بوختان و ناڕاستی بڵاوبکاتەوە، یان ئەو ئامرازانە بەکار بێنێ کە یاسا و ئیتیك و ئەخلاقییاتی پیشەکە قەدەغەی کردووە، یان نەهی لێ کردووە.

بەدیهاتنی ئامانجی گشتیی کۆمەڵگە بەدیهاتنی بەرژەوەندیی هەموانە، میدیاکاران بەشێکن لەو هەموانە، دەبێ بەشدارێکی پۆزەتیف بن لەبەدیهاتنی ئەو ئامانجەدا. ئازادی هەرگیز میدیاکاران ناخاتە دەرەوەی ئەو ئەرکە و دەرەوەی خەباتی گشتیی کۆمەڵگە. ئەم پابەندییەش دونیایەك ئەرك و بەرپرسیاریی دەخاتە ئەستۆی کایەی میدیایی کە لە یاسا و بەڵێننامەکان و لە کۆڕ و نیقاشاتی رۆژنامەگەریدا بەردەوام دەگوترێنەوە و رەنگە لێرە پێویست نەبێ دووبارە خاڵبەندی بکەین.

**میدیاکار وەک چۆن بەرپرسیارە بەرامبەر خاوەنی دەزگاکەی، یان سەرنووسەر و بەڕێوبەرەکەی و دەبێ فرمانەکانی جێبەجێ بکات، ئەوهاش بەرپرسە بەرامبەر کۆمەڵگەو دەبێ بەرژەوەندییەکانی رەچاو بکات**

**ناکرێ دامەزراوەی پەروەردەیی بە فەلسەفەیەک کاربکات کە لەگەڵ فەلسەفەی دامەزراوەی سیاسی و حوکمڕانی دژ بێت. ناکرێ دامەزراوەی میدیایی بە جۆرێک هەڵسووڕێت کە کار لە دامەزراوەی ئەمنی و سەربازی تێکبدات**

**هەر کۆمەڵگەیەک لە کەرت و کۆمەڵان و گرووپی جیا جیا پێکدێت، هەر یەک لەوان دەکرێ ئامانج و بەرژەوەندی و ویستی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام کۆی ئەو ئامانجە لاوەکی و فیئەوییانە لە چوارچێوەی ئامانجێکی گشتگیردا جێ بۆخۆیان دەکەنەوە کە پێی دەگوترێت ئامانجی گشتیی کۆمەڵگە**